



# رۆژنامە ٧

www.rozhname.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 475 دووشەممە 25/ 5/ 2009 — نرخ 500 دینار — No.475 Mon 25/ 5/ 2009


# کۆمیتەکان لە یەکێتی هەڵدەوەرێن

**هەستیار قادر**

پرۆسەی دەرکردن‌و وازهێنانی لایەنگرانی باڵی ریفۆرم لەناو ڕێکخستنەکانی یەکێتی بەردەوامەو دوێنێ بەرپرسی کۆمیتەی (٩)ی زەرگەتەو جێگری یەکەمی کۆمیتەی (٥)ی خەبات‌و چەند ئەندام ئەنجومەن‌و کەرتێکی ئەو کۆمیتانەی یەکێتی لەسنووری سلێمانی دەستیان لەکار کێشایەوە.

دوێنێ هەریەک لەبەرپرسی کۆمیتەی (٩)ی زەرگەتەی یەکێتی‌و (٣) ئەندامی کۆمیتەکەو جێگری یەکەمی کۆمیتەی (٥)ی خەبات‌و (٢) ئەندامی ئەنجومەنی کۆمیتەو (١٢) ئەندامی ئەنجومەنی کەرت، دوای فشار خستنە سەریان دەستیان لەکار کێشایەوە.

سەردار محەمەد ستار بەرپرسی کۆمیتەی (٩)ی زەرگەتەی یەکێتی هۆکاری ئەو بڕیارەیانی گەڕاندەوە بۆ گوشارخستنە سەریان لەلایەن یەکێتییەوە سەبارەت بەلایەنگیریکردنی باڵی ریفۆرم کەکار بۆ لیستی گۆڕان دەکەن، وتی: «چەند رۆژێک لەمەوبەر کۆبوونەوەیان پێکردووین‌و پێیانوتین هەرئەندامێک کار بۆ لیستی دیکە بکات بەخائین‌و خەتمایلیان دەزانین‌و دەبێت وازبهێنن».

هاوکات رەئوف ئەحمەد کاکە جێگری یەکەمی کۆمیتەی (٥)ی خەبات، کە (٤) برای شەهیدە وتی: «دەستەی کارگێڕی کۆمیتەکەم چەندجارێک کۆبوونەوەیان لەگەڵدا ئەنجامدام، تاپەشیمانم بکەنەوەو رایبگەیەنم کە لەگەڵ باڵی ریفۆرم‌و لیستی گۆڕاندا نیم یان خۆم ساغبکەمەوە، بۆیە بڕیارمدا لەگەڵ لیستی گۆڕاندا کاربکەم».

هەرلەو چوارچێوەیەدا هەفتەی رابردوو هەریەکە لە کۆمیتەکانی شێخ محێدین‌و ئازادی لە سلێمانی‌و کۆمیتەی شێروانە لە کەلار دەستیان لەکار کێشایەوە، چاوەڕێش دەکرێت لە رۆژانی داهاتوودا سەدان کادیرو ئەندامی باڵی ریفۆرمی نێو یەکێتی ناچاربکرێن دەست لەکاربکێشنەوە.

## ناوی لە لیستی گۆڕاندایە

## راگری کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان لە رانیە دەرکرا



**رۆژنامە**

دوای تۆمارکردنی ناوی لەلیستی گۆڕاندا، بەفەرمانی سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە، جەعفەر رەسوڵ راگری کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی کۆیە لەڕانیە لەسەر کار لادەدرێت، د.جەعفەر ئاماژە بۆئەوە دەکات ئەو بڕیارەی کە دژی دراوە بڕیارێکی مەدەنی‌و حکومییانە نیەو بڕیاری مەکتەبی سیاسیی یەکێتیە بەسەر زانکۆکەدا سەپێنراوە.

وردەکاری لە ل٢دایە

## بریکاری وەزارەتی ناوخۆ:

## هیچ کارمەندێک لەسەر دەنگدان سزانادرێت

## ئەگەر دەنگ بە هەر لیستێک بدات

**نیان مەجید**

بریکاری وەزارەتی ناوخۆ دووپاتیدەکاتەوە، کە هیچ ڕێنماییەکیان نییە دەربارەی ئەوەی کارمەندەکانی هێزەکانی ناوخۆ ناچاربکرێن دەنگ بەلیستی کوردستانی بدەن‌و ئاماژەش بەوەدەکات، کە لەسەر دەنگدان هیچ کارمەندێک سزا نادرێت.

جەلال شێخ کەریم بریکاری وەزارەتی ناوخۆ، لەلێدوانێکدا بۆ رۆژنامە رایگەیاند: ئەوقسانە دوورە لەڕاستیەوەو هیچ بنەمایەکی نییە کە باس لەوەدەکەن کارمەندانی هێزەکانی ناوخۆ، ئەگەر دەنگ بەلیستی کوردستانی نەدەن فەسڵدەکرێن، وتیشی: «هەرکەسێک پێم بڵێت بەرپرسێک پێیوتووم دەبێت دەنگ بدەیت بەلیستی کوردستانی، ئەو بەرپرسە سزا دەدەین‌و لەسەر کار دەریدەکەین‌و بەهیچ شێوەیەکیش هەڕەشە قەبوڵ ناکەین‌و ڕێگەش بەکەس نادەین بەو شێوەیە لەگەڵ کارمەندەکانمان قسە بکەن».

## جەبار ئەمین، کاندیدی کورد بۆ پەرلەمانی ئەوروپا:

## بەهۆی گەندەڵییەوە، سیاسەتمەدارانی دەرەوە نیگەرانن لە بارودۆخی هەرێم

**رۆژنامە**

جەبار ئەمین کاندیدی پارتی ژینگەی‌سەوزی‌سویدی‌بۆ‌پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا، پێیوایە هەبوونی لیستی جیاواز لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا دیاردەیەکی زۆر تەندروستەو هیچ مەترسییەکی بۆ سەر هەرێم نییە، بەڵکو مەترسی ئەو کاتە دروستدەبێت کە حکومەتێکی گەندەڵمان هەبێت‌و خەڵک بەرگری لێنەکات.

لەچاوپێکەوتنێکدا کە لەلاپەڕە (٤و٥)ی ئەم ژمارەیەدا بڵاوکراوەتەوە، جەبار ئەمین لە پەرلەمانی ئەوروپادا گرنگی هەبوونی کورد رووندەکاتەوەو ئاماژە بۆ ئەوەدەکات، تائێستا حکومەتی هەرێم‌و حیزبە کوردستانییەکان نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی ئۆرگانیزەکراو سوود لەهێزی ئەو پەرلەمانە ببینن‌و دیبلۆماسیەتی کورد لەناو ئەو یەکێتییەدا سەرکەوتوو نەبووە.

هەروەک پێشیوایە بەهۆی گەندەڵیەوە سیاسەتمەدارانی دەرەوە تووشی نیگەرانی بوون بەرامبەر هەرێمی کوردستان، وتیشی: «مەترسی لەسەر کورد کاتێک گەورەتر دەبێت کە حکومەتێکی گەندەڵمان هەبێت».

ل ٣



## بارزانی تەنیا بۆ ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت خۆی کاندید بکات

ل ٣



## ئایا مەترسی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە؟


٧

# گوندی ئەڵمانی دوو

ئێستا بە دڵی خۆت باشترین جێگەو باشترین روو هەڵبژێرە لە گوندی ئەڵمانی دوو

بۆ ئەوەی وەک گوندی ئەڵمانی یەک لە دەستی دووی نەکڕیتەوە

شوقەی 145مەتر دووجا بەقیستی پێنج ساڵ و بێ ئەوەی هیچ زیادەیەکی بچێتەسەر

بە نرخی 80,000دۆلار

هەروەها ڤیلامان هەیە بەم رووبەرانە: 360م² - 550م² - 750م² - 1410م²

ناونیشان: تەنیشت گوندی ئەڵمانی یەک - بەرامبەر گەرمکی تووی مەلیک

07701574880 07501574880

# بارزانی تەنیا بۆ ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت خۆی کاندید بکات

# پێنج کەس کێبڕکێ بۆ بردنەوەی پۆستی سەرۆکی هەرێم دەکەن

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

ئەمڕۆ دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دادەخرێتو تائێستا پێنج کەس خۆیان بۆ ئەو پۆستە کاندید کردووە، بەپێی وتەی پسپۆڕانی دەستووریی‌و یاسایی هەر پاڵێوراوێک زۆرترین ڕێژەی دەنگدەرانی بەدەستهێنا، دەبێتە سەرۆکی هەرێم.

## پێنج کەس بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم خۆیان دەپاڵێون

خۆپاڵاوتن بۆ کاندیدی پۆستی سەرۆکی هەرێم لەڕۆژی ٥/١٩-وە دەستپێکردووەو ئەمڕۆ (٥/٢٥) دەرگای خۆپاڵاوتن دادەخرێت، تائەمڕۆ هەریەک لە (مەسعود بارزانی، د.کەمال میراودەلی، حسێن گەرمیانی، هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد، سەفین شێخ محەمەد) بۆ ئەو پۆستە خۆیان کاندید کردووە.

عەلی قادر، سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەمڕۆ وادەی خۆکاندیدکردن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم کۆتاییدێت».

چاودێرانی سیاسیی کاندیدکردنی چەند کەسێک بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم بە «شتێکی باش» وەسفدەکەن‌و پێیانوایە، جۆرێک لەکێبڕکێ دروستدەبێت.

لەوبارەیەوە مەحمود عوسمان، ئەندامی پەرلەمانی عێراق ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، دەنگدانی گشتی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم شتێکی باشە، چونکە خەڵک دەتوانێت بەئازادیی دەنگ بەو کەسە بدات کە خۆی دەیەوێت. بۆ ئەم هەڵبژاردنەش چەند کەسێک خۆیان کاندید کردووە، کە ئەمە وایکردووە جۆرێک لەکێبڕکێ دروست ببێت.

## بارزانی تەنیا ئەمجارە دەتوانێت خۆی هەڵبژێرێتەوە

لە ٢٠٠٥/٦/١٢دا مەسعود بارزانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە وەک یەکەم سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرا، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو بەپێی مادەی دووەمی یاسای ژمارە (١)ی یاسای ساڵی ٢٠٠٥ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، هاوڵاتییانی کوردستان بەدەنگدانێکی گشتیی‌و نهێنیی‌و ڕاستەوخۆ سەرۆکێک بۆ هەرێم هەڵدەبژێرن. لەمادەی چوارەمی هەمان یاساشدا هاتووە:«دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەکاتوساتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراقدا ئەنجامدەدرێت، هەروەها بەپێی مادەی (٣) یاساکە (ویلایەتی) سەرۆکی هەرێم بۆ ماوەی چوارساڵەو دەشێت بۆ جاری دووەمیش هەڵبژێردرێتەوە» بەوپێیەش بارزانی تەنیا ئەمجارە بۆی هەیە خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم بپاڵێوێت.

## کێ زۆرترین دەنگ بەدەستبهێنێت دەبێتە سەرۆکی هەرێم

ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ دەستنیشانکراوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکی هەرێمی کوردستان. ئەو پاڵێوراوەی زۆرترین دەنگ بەدەستبهێنێت، دەبێتە سەرۆکی هەرێم.

د. لەتیف مستەفا، پسپۆڕ لەبواری یاسای دەستووری بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو ڕێژەیەی لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢دا هەبوو، (٥٠+١) بەپێی یاسا نەبوو، بەڵکو بەپێی ڕێکەوتنی سیاسی بوو، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا پۆستی سەرۆکی هەرێم پەیوەستە بە بەدەستهێنانی زۆرترین ڕێژەی سادە، واتە کێ زۆرترین دەنگی بەدەستهێنا، ئەو دەبێتە سەرۆکی هەرێم.

## ساڵی ٩٢ بەیاسایەکی دیکە بڕیاری هەڵبژاردنی رابەر درا

بەرەی کوردستانی کە لەحەوت حیزب پێکهاتبوو سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ی دەکرد، لەساڵی ١٩٩٢ بڕیارێکی دەرکرد، بەپێی ئەو بڕیارە ئەو کەسەی لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢دا دەبووە سەرۆکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، پێویستبوو (٥٠+١)ی دەنگەکەکان بەدەستبهێنێت، هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان‌و رابەری گشتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان لەڕێگای دەنگدانی گشتیی‌و نهێنیی‌و ڕاستەوخۆوە لە ١٩٩٢/٥/١٩ بەبەشداریی نزیکەی یەک ملیۆن دەنگدەر ئەنجامدراو هەریەک لە (جەلال تاڵەبانی، مەسعود بارزانی، مەحمود عوسمان، عوسمان عەبدولعەزیز) خۆیان بۆ رابەری گشتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان هەڵبژارد، ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بەمشێوەیە بوو، (مەسعود بارزانی ٤٧،٥١٪ جەلال تاڵەبانی ٤٤،٣٪، عوسمان عەبدولعەزیز ٣،٩٧٪، مەحمود عوسمان ٢،٣٧٪)، بەوئەنجامە پاڵێوراوەکان نەیانتوانی پۆستەکە بەدەستبهێنن.

پێش ئەوەش بەرەی کوردستانی لیژنەیەکی یاسایی پێکهێناو لەڕۆژی ١٩٩٢/٤/٢٨ بەرەی کوردستانی یاسای ژمارە (١) بۆ ساڵی ١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراق، پەسەند کرد.

د.مەحمود عوسمان، یەکێکە لەو کەسایەتییانەی لەساڵی ١٩٩٢ خۆی بۆ رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان هەڵبژاردبوو، بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو کاتە بەرەی کوردستانی سەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی دەکردو بەبڕیاری بەرە ئەو کەسەی دەبووە سەرۆکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان پێویستبوو (٥٠+١)ی دەنگەکەکان بەدەستبهێنێت، ئەوەبوو هیچکام لەپاڵێوراوەکان نەیانتوانی ئەوڕێژەیە بەدەستبهێنن، بۆیە بەرە بڕیارێکی دیکەی دەرکرد، بڕیارەکەش ئەوەبوو ئەو دوو پاڵێوراوەی زۆرترین دەنگیان هێناوە، جاری دووەم هەڵدەبژێردرێنەوە، بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەک لەسێ کەسی یاسایی پێکهێنرا، بەڵام هەڵبژاردنەکە دووبارەنەکرایەوەو بەوهۆیەوە کەس نەبووە رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان.

بەبڕوای مەحمود عوسمان یەکلایینەبوونەوەی رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، پەیوەندی بەململانێی نێوان یەکێتی‌و پارتییەوە هەبوو، «لەساڵی ١٩٩٢دا پۆستی سەرۆکایەتی شەڕی نێوان یەکێتی‌و پارتی بوو، واتە شەڕی نێوان تاڵەبانی‌و بارزانی بوو، بەشداریکردنی من‌و مەلا عوسمان دەورێکی واینەبوو».

# ئایا مەترسی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە؟

**عەبدولستار مەجید:**

«ئەو مەترسیانەی پارتی‌و یەکێتی باسیدەکەن، نابنە پاساو بۆ نەگۆڕانی ئەو دۆخەی (١٨) ساڵە هەرێمی کوردستانی تێکەوتووە»

**سەعدی ئەحمەد پیرە:**

«بۆ بەهێزبوونمان لەبەردەم ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕوومان دەبنەوە، پێویستمان بەیەکریزیی هەیە»

**ئاکۆ محەمەد کەریم:**

«لەدەوڵەتە دواکەوتووەکاندا بۆئەوەی گۆڕانکاری نەکەن، بیانووی ئەوە دەهێننەوە، کە وڵات مەترسی لەسەرە، هەموو سەرچاوەیەک بەڕووی گۆڕاندا دادەخەن»

**فەلاح نەجم**

لەسەروبەندی نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەرپرسانی پارتی‌و یەکێتی بەردەوام ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە کوردستان مەترسی دەرەکی لەسەرەو پێویستە هاوڵاتیان دەنگ بەلیستی ئەو دوو حیزبە بدەن بۆ بەرگرتن لەو مەترسیە. پسپۆڕێکی سیاسییش پێیوایە «نابێت بەبیانووی بوونی مەترسی ڕێگە لەگۆڕان بگیرێت لەکوردستاندا».

بەپێی وتەی ئاکۆ حەمە کریم مامۆستای زانستی سیاسی لەزانکۆی سلێمانی، زۆربەی وڵاتانی جیهان مەترسییان لەسەربووەو توانیویانە گۆڕانکاری ریشەیی لەسیستمی حوکمڕانی‌و دیموکراسیدا بکەن، بەڵام لەکوردستانیشدا ئەو مەترسییانەی بەرپرسانی هەرێم باسی لێوەدەکەن، کێشەن نەک مەترسی‌و دەکرێت چارەسەر بکرێن، بەڵام «حکومەتی هەرێم ئەو کێشانەی هەیەتی نایەوێت چارەسەری بکات، بۆیە درێژەی کێشاوەو بەمەترسی لەقەڵەمیدەدەن».

بۆ هەمان مەبەست عەبدولستار مەجید کارگێڕی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، پێیوایە: «هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا گرفتی هەیە، بەڵام مەترسی لەسەرنییە، دەکرێت ئەو گرفتانەی لەڕێگەی دیالۆگو گفتوگۆوە چارەسەر بکرێت، چونکە دراوسێکانی کوردستان بەتایبەت تورکیاو ئێران لەچەند ساڵی رابردوودا هاوکاری هەرێم بوون‌و ئێستاش ئەم دوو وڵاتە بوونەتە یارمەتیدەرێکی باشی بووژاندنەوەی هەرێمی کوردستان».

لەماوەی رابردوودا چەندینجار تورکیاو ئێران بۆردوومانی ناوچە سنوورییەکانیان لەهەرێمی کوردستان کرد، حکومەتی هەرێم‌و پارتی‌و یەکێتی هیچ هەڵوێستێکی رەسمییان لەبەرامبەر ئەو تۆپبارانەدانەنواند، هاوکات پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی هەرێم لەگەڵ تورکیاو ئێران، لە ئاستێکی باشدایەو سەردانەکەی موراد ئۆزچەلیک نوێنەری حکومەتی تورکیاو چاوپێکەوتنەکەی نێچیرڤان بارزانی‌و عەبدوڵڵا گویلی سەرۆک کۆماری تورکیا لە لایەکو سەردانی هەریەکە لە هاشمی رەفسەنجانی‌و عەلی لاریجانی وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ هەرێم لە لایەکی دیکەوە باشترین شاهیدی ئەو ڕاستیەن.

ئەو بەرپرسە باڵایەی کۆمەڵی ئیسلامی وتیشی: «ئەو مەترسیانەی پارتی‌و یەکێتی باسیدەکەن، نابنە پاساو بۆ نەگۆڕانی ئەو دۆخەی (١٨) ساڵە هەرێمی کوردستانی تێکەوتووە، هەر لایەنێک لەبری پارتی‌و یەکێتی حکومەت بگرێتە دەست، یان ببێتە شەریکیان لەحکومەتدا هیچ لەوان کەمتر نابێتە پارێزەری هەرێمی کوردستان».

هەرچەندە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم ئاڵۆزیی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی ناوەندیی‌و هەرێم بەمەترسی لەسەر هەرێمی کوردستان دادەنێن، بەڵام مەحمود عوسمان ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ڕاستە حکومەتی ناوەندی کێشەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا هەیە، بەڵام ئەو کێشانە نابنە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر هەرێمی کوردستان».

چاودێران‌و شارەزایانی سیاسیی جەخت لەسەرئەوە دەکەنەوە، کورد مەترسی لەسەرنییە لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە، ئەگەر بەراورد بکرێت بەو دەورەی لەبنیادنانەوەی کوردستاندا بینیویانە، هەروەک یوسف محەمەد مامۆستای کۆلێژی زانستی سیاسیی دەڵێت: لەتازەترین هەواڵدا تورکیا ڕێگەی داوە بەهەرێمی کوردستان، غازی سروشتی ڕەوانەی وڵاتانی ئەوروپا بکات، ئەمەش زیاتر کوردستان بەڕووی وڵاتانی ئەوروپادا دەکاتەوەو ئەو گرفتانەشی کە هەیە دەتوانرێت چارەسەر بکرێن.

وتیشی: «ئەو کێشانەی لەسەر کوردستان دروستبوون، حکومەتی هەرێم نایەوێت چارەسەریان بکات‌و بەردەوام دوای دەخات، ئەمەش وەک مەترسی لێکدەدەنەوە».

هەروەها ئاکۆ حەمەکریم باس لەوە دەکات: «لەدەوڵەتە دواکەوتووەکاندا بۆئەوەی گۆڕانکاری نەکەن، بیانووی ئەوە دەهێننەوە، کە وڵات مەترسی لەسەرە، هەموو سەرچاوەیەک بەڕووی گۆڕاندا دادەخەن».

لەبەرامبەردا سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وایدەبینێت کەهێشتا مەترسی لەسەر کوردستان هەیە، لەوبارەیەوە وتی: «بۆ بەهێزبوونمان لەبەردەم ئەو مەترسییانەی ڕووبەڕوومان دەبنەوە، پێویستمان بەیەکریزیی هەیە، چونکە بەشێک لەوڵاتانی دراوسێمان دۆستی کورد نین‌و مافەکانیشمان لەعێراق بەتەواوەتی زامن نەبوون».

www.netewe.com

# «(١٠٧) حاڵەتی ئەشکەنجەدانی هاوڵاتییانی غەیرە کورد لەکوردستان تۆمارکراوە»



هەستیار قادر

سەرچاوەیەکی بەرپرسی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق، ئاماژە بەوەدەکات کە لەساڵی ٢٠٠٨دا (١٠٧) حاڵەتی ئەشکەنجەدانی دەستگیرکراوی غەیرە کورد لەسەر کارمەندانی دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستانیان تۆمارکردووە.

ڕۆژنامەی سەباح لەسەر زاری سەرچاوەیەکی بەرپرسی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقییەوە بڵاویکردەوە، کە بەدرێژایی ساڵی ٢٠٠٨و لەڕێگەی لیژنەکانی پشکنین‌و گازندەی هاوڵاتییانەوە (٣٠٦) حاڵەتی ئەشکەنجەدان‌و خراپ مامەڵەکردنیان لەگرتووخانەکانی سەرجەم عێراقدا تۆمارکردووە، کە (١٠٧)یان لەهەرێمی کوردستان بوون، سەرچاوەکە دەڵێت: «ژمارەی ئەو حاڵەتانەی کە لیژنە پەیوەندیدارەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤ لەسەر کارمەندانی دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان دژ بەدەستیگرکراوە غەیرە کوردەکان تۆماریکردوون (١٠٧) حاڵەت بوون».

بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژنامە پەیوەندیکرد بە موخلیس عەبدولڕەزاق پشکنەری گشتی لەوەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق‌و بێئاگایی خۆی لەوردەکاریی تۆمارکردنی ئەو پێشێلکارییانە ڕاگەیاندو وتی: «ئەو ئامارە پەیوەستە بەکاری بەڕێوەبەرێتی کاروباری مرۆڤایەتی سەر بەوەزارەتی مافی مرۆڤەوە»

لەبەرامبەردا وەزارەتی مافی مرۆڤی هەرێم بێئاگایی خۆی لەبوونی ئامارێکی لەوجۆرەی هاوتا عێراقییەکەی دەربڕی‌و نازم دڵبەند بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی مافی مرۆڤی هەرێم، بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە، کە پەیوەندی وەزارەتەکەی لەگەڵ وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی زۆر لاوازەو ئاگایان لەهیچ جۆرە ئامارێکی لەوجۆرە نییە سەبارەت بەئەشکەنجەدانی دەستیگرکراوە غەیرە کوردەکان لەگرتووخانەکانی هەرێمدا.

نازم دڵبەند نکوڵی لەوەنەکرد، کە دەستگیرکراوی عەرەب لەگرتووخانەکانی هەرێم هەبن، کە تاوانیان لەسنووری هەرێمدا ئەنجامداوە، بەڵام بێئاگایی خۆی نیشاندا لەبوونی حاڵەتی ئەشکەنجەدان لەدژیان‌و وتیشی: «هێشتا ئەشکەنجەدان لەگرتووخانەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەڵام لەکەمبوونەوەدایە لەچاو پێشووترداو ئەو ئەشکەنجەدانانەی کە هەشن پەیوەندییان بەوشوێنەوەیە کە لێی زیندانی کراون».

# ناوی هێزەکانی ناوخۆ لەتۆماری دەنگدەران جیادەکرێتەوە

بەهادین یوسف

هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو پێشمەرگەو نەخۆش‌و بەندییەکان دوو ڕۆژ پێش دەنگدانی گشتی، بە (دەنگدانی تایبەت) بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکەن‌و ناوەکانیشیان لە تۆماری دەنگدەراندا هێمای دەخرێتە سەر، بۆئەوەی نەتوانن دووبارە دەنگبدەنەوە.

دوای پێشکەشکردنی ئامارو ناوی هێزەکانی ناوخۆو پێشمەرگە، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هێمای سوور دەخاتە سەر ناوەکانیان لە تۆماری دەنگدەراندا، بۆئەوەی نەتوانن دووبارە دەنگبدەنەوە.

هەندرێن محەمەد ساڵح، بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەڕەسمیی داوامان لە وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگە کردووە بۆئەوەی لەم چەند ڕۆژەدا داتابەیسی هێزەکانی ناوخۆمان پێبدەن تا لە تۆماری دەنگدەراندا جیایان بکەینەوە، لیستێکی تایبەتی دەنگدان دروستدەکەین، بەپێی ئەو شوێنانەی ئەو هێزانەی لێیە دابەشدەکرێن.

وتیشی: «نەخۆش‌و بەندکراوەکانیش لە بنکەی دەنگدان، دەنگدەدەن، ئەوانیش بە دەنگدانی تایبەت‌و لەگەڵ هێزەکانی ناوخۆو پێشمەرگە بەشدارییدەکەن‌و سندوقی دەنگدانیان بۆ دەبرێتە ناو نەخۆشخانە یان بەندیخانەکان، بۆئەوەی بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکەن».

## ناوی لەلیستی گۆڕاندایە

# ڕاگری کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان لە ڕانیە دەردەکرێت

دلێر عەبدولخالق

دوای خۆکاندیدکردنی بۆ ئەندامێتی پەرلەمان لەلیستی گۆڕاندا، بەفەرمانی سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە، د.جەعفەر ڕەسوڵ ڕاگری کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی کۆیە لەڕانیە لەسەر کار لادەدرێت، سەرۆکی زانکۆکەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، «بڕیاری زانکۆیەو هەرکەسێک پۆستێکی ئیداریی هەبێت‌و ببێتە پاڵێوراوی هەرلیستێک دەبێت دەست لەکاربکێشێتەوە».



د. جەعفەر ڕەسوڵ بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی لە (٢٠) مانگدا، دوا ئیمزام لەسەر ناوی خۆم لەلیستی گۆڕان کردووە، هەرئەو ڕۆژە سەرۆکی زانکۆی کۆیە پەیوەندی پێوەکردووەو لەدانیشتنێکدا پێیڕاگەیاندووە دەبێت دەستلەکاربکێشیتەوە. وتیشی: «ئەم داوایەی ئەو لەکاتێکدایە، کە لەمانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨ دا دەستلەکارکێشانەوەم گەیاندە ئەنجومەنی زانکۆی کۆیە، بەڵام سەرۆکی زانکۆ قبوڵی نەکرد، بۆیە وتم، من دەستلەکارناکێشمەوەو دەتوانن بڕیار دەرکەن‌و لەپۆستەکەم دوورمخەنەوە».

لەگەڵ ئەوەی تائێستا بەنووسراوی ڕەسمیی لەسەرۆکایەتی زانکۆوە، لەپۆستی ڕاگری کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان لانەدراوە، بەڵام مامۆستایەکی دیکە لەجێگای جەعفەر ڕەسوڵ‌وەک سەرپەرشتیاری کۆلێژەکە دانراوە، هاوکات مامۆستایانی کۆلێژەکە بۆ پێداچوونەوە بەوبڕیارەدا سەردانی سەرۆکی زانکۆی کۆیەیان کردووە، بەڵام سەرۆکی زانکۆکە پێیوتوون، ئەو بڕیارە کۆتایی پێهاتووە.

د. جەعفەر ڕەسوڵ پێیوایە، ئەو بڕیارە «نەبڕیارێکی مەدەنیانەو حکومیانەیە، نە بڕیاری سەرۆکایەتی زانکۆیشە، بەڵکو بڕیاری مەکتەبی سیاسی یەکێتیە، کە سەپێندراوە بەسەر سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیەدا» وتی: «بڕیارێک نییە لەکوردستاندا، کە یەکێک بچێتە لیستێکەوە لەپۆستەکەی دووربخرێتەوە، لەهیچ شوێنێکی دونیاشدا نییە لەقۆناغی تاقیکردنەوەو ئیمتیحاناتدا گۆڕانکاری لەپۆستی ئیدارییدا بکرێت، کەواتە ئەم هەڵوێستانە جگەلە پەرچەکرداری مەکتەبی سیاسی یەکێتی هیچی دیکە نییە».

بەوتەی ڕاگری لەسەر کار لابراوی کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکانی ڕانیە، پێشتریش لەڕۆژی ٤/١٤ دا، لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی یەکێتی لەڕانیە پەیوەندی پێوەکردووەو پێیوتووە بانگەشەی هەڵبژاردنت کردووە، «لێپرسراوی مەڵبەند پێیوتم، یەکێتی تۆی لەوێ داناوە ئەگەر یەکێتی نەماوی بابزانین، منیش پێموت، یەکێتی منی دانەناوەو دەتوانن لەسەرکار لامدەن».

د. خدر مەعسوم سەرۆکی زانکۆی کۆیە لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە ئەوە ڕەتدەکاتەوە، لەسەر کار لابردنی جەعفەر ڕەسوڵ لەبەر ئەوەبێت کاندیدی لیستی گۆڕانەو دەڵێت: «ئێمە لەئەنجومەنی زانکۆ ڕامانگەیاندووە، هەرکەسێک خۆی هەڵدەبژێرێت بۆ لیستەکان، دەبێت دەست لەپۆستە ئیدارییەکەی بکێشێتەوە، چونکە ناتوانێت لەیەککاتدا کاری ئیداریی‌و کاری هەڵبژاردن بەیەکەوە بکات».

## بایکۆتی کۆبوونەوەکانی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کرد

# هیوا میرزا: هیچ شەرعیەتێک نەماوەتەوە بۆ تاوتوێکردنی بودجە



ئاوارە حەمید
ستارە عارف

ئەندامێکی لیژنەی دارایی‌و ئابووری پەرلەمانی کوردستان بایکۆتی کۆبوونەوەکانی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستانی کردو بڕیاریدا لەتاووتوێکردنی بودجەی ئەمساڵ بەشداریی نەکات، هۆکارەکەشی بۆ «یەکنەگرتنەوەی وەزارەتەکانی دارایی‌و دابەشکردنی بودجە بەبڕیارێکی سیاسی‌و پشتگوێخستنی ڕاسپاردەکانیان لەلایەن حکومەتەوە»، دەگەڕێنێتەوە.

هیوا میرزاسابیر، ئەندامی لیژنەی دارایی‌و ئابووری لەپەرلەمانی کوردستان، کە بڕیاری بایکۆتکردنی کۆبوونەوەکانی لیژنەکەی داوە، لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «بەهۆی یەکنەگرتنەوەی وەزارەتەکانی دارایی‌و دابەشکردنی بودجە بەبڕیارێکی سیاسی بڕیارمداوە بایکۆتی کۆبوونەوەکانی لیژنەی دارایی پەرلەمان بکەم‌و بەشداریی تاوتوێکردنی بودجەی ئەمساڵ نەکەم، چونکە هیچ شەرعیەتێک نەماوەتەوە بۆ تاووتوێکردنی بودجە».

هەروەک ئاماژەی بەوەشکرد، کە بڕیارەکەی وەکو نارەزایی دەربڕینێکە لەبەرامبەر ئەوەی کە لەدوو ساڵی ڕابردوودا حکومەت جێبەجێی نەکردووە، کە لیژنەی دارایی پەرلەمان دیاریکردووە بۆ پەسەندکردنی بودجە، وتیشی: «پەسەندکردنی بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ زۆر لەکاتی خۆی دواکەوتووەو وەزارەتەکانی داراییش یەکنەخراونەتەوە، ئەوەش شەفافیەتی بەرجەستە نەکردووە، بۆیە بڕیارمدا بەشداریی کۆبوونەوەی لیژنەی دارایی‌و ئابووری پەرلەمان نەکەم، کە تایبەتە بەتاووتوێکردنی بودجەی هەرێم».

لە ٢٠٠٩/٥/٦ بودجەی هەرێم گەیشتە پەرلەمانی کوردستان‌و بڕەکەشی (٨) ترلیۆن‌و (٨٥٧) ملیارو (٢٦٣) ملیۆن دینارە، بەڵام کە ئێستا لەناوەڕاستی ساڵ نزیکدەبینەوە، هێشتا بودجە پەسەندنەکراوە.

جوتیار نوری جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی‌و ئابووری لەپەرلەمانی کوردستان دواکەوتنی بودجە دەخاتە ئەستۆی بەغدا، بەوپێیەی «بەهۆی قەیرانی دارایی جیهانەوە عێراق نەیدەتوانی بودجە پەسەندبکات‌و چەند جارێک ئاڵوگۆڕی تێکەوت»، وتیشی: «ئێستا ئێمە وەک لیژنەی دارایی‌و ئابووری لەپەرلەمانی کوردستان لەهەوڵی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی خۆماندا‌ین‌و بەهیچ شێوەیەک دوو بودجەیی پەسەند ناکەین‌و شەرعیەت نادەین بەدوو وەزارەتی دارایی».

سەبارەت بەکاریگەری دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەش ئاماژەی بەوەدا، کە دواکەوتنەکە کاریگەریی نێگەتیڤی دەبێت لەسەر پرۆژەکانی حکومەتی هەرێم.

# ـــــی دەرەوە نیگەرانن لە هەرێمی کوردستان
# ـــــوێنەرایەتی خەڵکو کەمتر نوێنەرایەتی حیزب دەکات



پێموایە مەترسی لەسەر کورد هەیەو دەشبێت، بەڵام ئەو مەترسیانە کاتێک گەورەتردەبن کە حکومەتێکی گەندەڵمان هەبێت، حکومەتێکمان هەبێت خەڵکی لەپشت نەبێت، حکومەتێکمان هەبێت خەڵک بەرگری لێنەکات، چونکە لەو کاتەدا ورەو ئیرادەی خەڵک دادەبەزێنیت، واتە بوونی حکومەتێکی گەندەڵ، بوونی ئینستوتێکی گەندەڵ لە ناوەوە ئەوە مەترسییەکە زۆرتر دەکات، ئەو دیاردەیەی لەم هەڵبژاردنەشدا هەیە کە چەندین لیست خۆیان ڕاگەیاندووە، دیاردەیەکی زۆر تەندروستەو هیچ مەترسییەکی لەسەر هەرێم نییەو دەبوو زووتر ئەو حاڵەتە لە هەرێمدا هەبوایە

**حیزبەکانی سویددا هەبێت؟**

* مەرج نییە حیزبەکان بەپێی ڕێژەیی پێکهاتەکان نوێنەریان هەبێت، بەڵکو حیزبەکان دەیانەوێت لەناو لیستەکانیاندا بێگانەی تێدابێت، واتە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگا بێت، بۆئەوەی پشتگیری هەموو پێکهاتەکان بۆخۆیان مسۆگەربکەن.

**ڕۆژنامە: زۆرجار وا هەستدەکرێت پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا هاوسۆزیی بۆ کوردو سەرکردەکانی هەیە، سەرۆکی هەرێم سەردانی ئەو یەکێتییەی کردووەو پەیامی خۆی پێشکەشکردووە، لەو سۆنگەیەوە دەکرێت بڵێین یەکێتی ئەوروپا هەڵوێستی بەرامبەر کورد پۆزەتیڤە؟ بەبڕوای تۆ سەرکردایەتی کورد توانیویەتی سوود لەو جەمسەرە بەهێزە ببینێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی؟**

* هەرچەندە بەبڕوای من یەکێتی ئەوروپا لەبەرچاوی کورد نییە، کە کوردی لە نەتەوەیەکی دیکە خۆشتربوێت یان هاوسۆزی بێت، بەڵام دەبینین لە چل ساڵی ڕابردوودا کورد زۆری بەسەرهاتووەو چەوساوەتەوە، بەو هۆیەوە لە دەرەوە خۆپیشاندان کراوەو لە میدیاکان باسکراوە، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر یەکێتییەکەو شێوە پشتگرییەکی لێدەکات، بەڵام ئەمە بەس نییە، بەڵکو پێویستە کورد لەناو ئەو پەرلەمانەدا نوێنەری هەبێتو پێگەی هەبێتو پرسەکانی خۆی دەربخاتو کۆدەنگی لەسەر دروستبکات، بە خوێندنەوەم بۆ پەیوەندییەکانی کورد بەو یەکێتییەوە، پێموایە تائێستا چ حیزبە کوردستانییەکانو چ حکومەتی کوردی نەیتوانیوە بەشێوەیەکی ئۆرگانیزەکراو سوود لەو پەرلەمانە ببینێت، واتە دیبلۆماسیەتی کورد لەناو ئەو یەکێتییەدا سەرکەوتوو نەبووە، نموونەش تائێستا هیچ پارتێکی سیاسیو هیچ حکومەتێک نەبووە پێمان بڵێیت نوێنەرە کوردەکان وەرن با ئێمە دابنیشین بزانین چۆن پشتگیریتان بکەن، بەڵکو ئێمە لە دەرگامان داونو بۆ نیو کاتژمێر گوێیان لێگرتووینو دواتر بیریان چووەتەوە، هەندێک لایەنیش زیاتر هاوکاربوون.

**ڕۆژنامە: باست لە پەیوەندی کوردو یەکێتی ئەوروپا کرد، بۆچوونی تۆ چییە لەسەر دیبلۆماسیەتو جۆری پەیوەندی کورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی جیهان؟ ئایا نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە وڵاتە گرنگەکان توانیویانە لەو ڕووەوە چی بکەن؟**

* دەکرا بەشێوەیەکی زۆر باشتر دیبلۆماسیەتی کورد لە دەرەوە سوودی لێ ببیندرێت کە نەبووە، زۆرجار بنەمای دیبلۆماسیەتی کورد لەسەر ئاستی خزمخزمێنەیەو دەبینین ئەو سەفیر خزمی فڵانەو ئەو نوێنەر کوڕی فڵانە! واتە لەسەر بنەمای زانستیو شێوەیەکی تەندروستو کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونەکان، پەیوەندییەکان دروست نەبوون، سوود لەو کەسانە نەبینراوە کە ماوەیەکی زۆر لەو وڵاتانە ماونەتەوەو شارەزایی سایکۆلۆژیاو عەقڵیەتی ئەوێن، هەموو ئەمانە وایانکردووە ئەو دیبلۆماسیەتە باش نەبێت، هەرچەندە دەکرێت باش بکرێت.

**هەڵبژاردن لەوڵاتانی ئەوروپا بەئامانجی شکاندنی کاندیدەکانو سوکایەتیکردن بە کەسایەتییەکان نییە، بەڵکو کارکردنە لەپێناو کاریگەری خستنە سەر خەڵک، بۆئەوەی دەنگت پێبدەن**

**ڕۆژنامە: ئەزموونی هەرێمی کوردستانوهەلومەرجیسیاسیوئیداریی دوای (١٨) ساڵ، چ ڕەنگدانەوەیەکی لە دەرەوە بۆ دروستکردووە؟**

* خەڵکی گشتی ئەو وڵاتانە زۆر بەئاگانین لە حکومی هەرێم، بەڵام نوخبە سیاسییەکان ئاگادارن، بۆ نموونە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی سوید کە ژمارەیان (٣٤٩) ئەندامە، بە باشو بە خراپ شارەزایی کاری ئیدارییو سیاسی کوردستانن، هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا خەڵکی سیاسەتمەداری دەرەوە بۆیان دەرکەتووە گەندەڵی ئیداریی لەو هەرێمە زۆرە، کە بووەتە جێی ناڕەزایی زۆر لەو سیاسەتمەدارانە بەرامبەر حوکمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی ئەو ڕەخنانەمان ئاراستەدەکرێت، بەڵام ئێمە لە دەرەوە بە ئەرکی خۆمان نازانین باس لە کەموکورتییەکان بکەین، بەڵکو ئەرکمان پشتگیرییە لە جوڵانەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوزای گەلی کورد، لە ناوەوەی کوردستانیش دەکرێت ڕاستەوخۆ ڕەخنەبگرین.

**ڕۆژنامە: بڕیارە ٧/٢٥ی ئەمساڵ، خولی سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبچێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە ناڕەزاییەکی گەورە لە شەقامی کوردییەوە بەرامبەر دەسەڵات بوونی هەیە، بەبڕوای چاودێران لەم هەڵبژاردنەدا گۆڕان لە هاوسەنگی هێز دروستدەبێت، لە بەرامبەریشدا دوو پارتی گەورە بۆ کۆکردنەوەی دەنگی خەڵک بۆ خۆیان ئاماژە بە مەترسییەکانی دەرەوە دەکەنو پێیانوایە دەنگدان بە ئەوان مەترسییەکان دەڕەوێنێتەوە؟ بەبڕوای تۆ سروشتی ئەو مەترسییە چۆنە؟**

* پێموایە مەترسی لەسەر کورد هەیەو دەشبێت، بەڵام ئەو مەترسیانە کاتێک گەورەتردەبن کە حکومەتێکی گەندەڵمان هەبێت، حکومەتێکمان هەبێت خەڵکی لەپشت نەبێت، حکومەتێکمان هەبێت خەڵک بەرگری لێنەکات، چونکە لەو کاتەدا ورەو ئیرادەی خەڵک دادەبەزێنیت، واتە بوونی حکومەتێکی گەندەڵ، بوونی ئینستوتێکی گەندەڵ لە ناوەوە ئەوە مەترسییەکە زۆرتر دەکات، ئەو دیاردەیەی لەم هەڵبژاردنەشدا هەیە کە چەندین لیست خۆیان ڕاگەیاندووە، دیاردەیەکی زۆر تەندروستەو هیچ مەترسییەکی لەسەر هەرێم نییەو دەبوو زووتر ئەو حاڵەتە لە هەرێمدا هەبوایە.

ڕۆژنامە: ئەو دیاردەو مۆدێلە سیاسییەی ئێستا لە هەرێمدا دروستبووە، دەتوانێت هاوکاربێت لە دروستبوونی پەرلەمانێکی ئەکتیڤ؟

* پێموایە ئەو دیاردەیەی ئێستا هەیە لە کوردستاندا، هەم حیزبی عەلمانی ئەڵتەرناتیڤو هەمیش حیزبە ئیسلامییەکانو پەیدابوونی قەوارەکانی نوێ مایەی خۆشحاڵییە، چونکە ئەو هێزانە دەتوانن پەرلەمانێکی زیندوو و چالاک دروستبکەن، پەرلەمانێک زیاتر نوێنەرایەتی خەڵک دەکاتو کەمتر نوێنەرایەتی حیزب، کەواتە دەتوانن بەو هێزە نوێیە مەترسیەکانیش کەمتر بکەنەوە.

ڕۆژنامە: لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێک نوێنەرایەتیو کونسوڵگەری وڵاتان لە هەولێری پایتەخت هەیە، هەر وەک بڕیاریشە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانو نوێنەرایەتی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپاو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان چاودێری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکەن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانە باس لە مەترسی تەزویرو ئەمانەتی سندوقەکانی دەنگدان دەکرێت؟

* پێموانییە هیچ حیزبێکی سیاسی لە کوردستاندا دان بەوەدابنێت کە تەزویر دەکات، چونکە دەزانن تەزویر نادروستو نایاساییو نادیموکراسییە، بەڵام لە پراکتیکدا هەندێک حیزبی سیاسی لە وڵاتانی جیهانی سێداو بۆ مانەوەی خۆی پەنا بۆ ئەم کارە دەبات، بۆ ڕێگری لەو حاڵەتە پێویستە نوێنەری لیستەکان بەئاگابن، چاودێرانی ڕێکخراوە بیانییەکان لەو مەترسییە ئاگاداربکرێن، لەگەڵ حیزبەکانیش باس بکرێتو بەرپرسانیش بزانن ئەم حاڵەتە بۆ هەرێم دیاردەیەکی ناشارستانیو ناشیرنە.

بەکورتی:
– جەبار ئەمین ساڵی ١٩٦٠ لە سلێمانی لەدایکبووە.
– لە سوید ماجستێری لە زانستی سیاسی بەدەستهێناوە.
– ئەندامی یەدەکی پەرلەمانی سویدە.
– ئەندامی سەرکردایەتی پارتی ژینگەی سەوزی سوید بووە.
– کاندیدی پارتی ژینگەیە بۆ پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا.
٢٨ ساڵە لە سوید نیشتەجێیە.

## جەبار ئەمین، کاندیدی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا:

# بـەهۆی گـەنـدەڵـییـەوە، سیاسەتمەدارانـــ
# هێزە جیاوازەکان، پەرلەمانێک دروستدەکەن کە زیاتر نـــ



**لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتی رۆژنامەدا جەبار ئەمین، کاندیدی پارتی ژینگەی سەوزی سویدی بۆ پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا، باس لە سروشتی هەڵبژاردنی وڵاتی سوید دەکات‌و ئاماژە بەوە دەکات پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن لەو وڵاتانەدا بەئامانجی کاریگەری خستنە سەر خەڵکە بۆئەوەی دەنگت پێبدەن، نەک شکاندنی کاندیدەکان‌و سوکایەتیکردن بە کەسایەتییەکان.**

**جەبار ئەمین گرنگی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا وەک جەمسەرێکی گرنگی هێز کە کاریگەری لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی هەیە رووندەکاتەوەو پێیوایە، هەبوونی کورد لەو پەرلەمانەدا گرنگییەکی بێشوماری هەیە، هەرچەندە حکومەتی هەرێم‌و رێکخراوو پارتە سیاسییەکانی پارچەکانی کوردستان کەمتەرخەمبوون لە هاندانی خەڵکی کورد بۆ بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنەدا، ئاماژە بەوەش دەکات دیبلۆماسیەتی کورد لەسەر بنەمای خزمخزمێنەیە، بەو هۆیەشەوە نە لەگەڵ پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپاو نە لەگەڵ وڵاتانی دیکە سەرکەوتوو نەبووە.**

**بەبڕوای ئەو کاندیدەی پەرلەمانی ئەوروپا، بوونی لیستی جیاواز لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان حاڵەتێکی زۆر تەندروستو دڵخۆشکەرە، هەر وەک هیچ مەترسییەکی لەسەر ئەزموونی هەرێم نییە، بەڵکو مەترسی کاتێک دروستدەبێت کە حکومەتێکی گەندەڵت هەبێت‌و خەڵک ئامادەنەبێت بەرگری لێبکات.**

**سازدانی: دلێر عەبدولخالق**

**رۆژنامە: رۆژی ٦/٧ هەڵبژاردنی پـەرلـەمـانـی یـەکـێـتـی ئـەوروپـا ئەنجامدەدرێت، تۆ یەکێکی لەکاندیدە کوردەکانی سەر بە پارتی ژینگەی سەوزی سویدی بۆ ئەو پەرلەمانە، دەکرێت بزانین سروشتی ئەو هەڵبژاردنە لە سوید چۆن بەڕێوەدەچێت؟**

* لە وڵاتی سوید ئەو حیزبانەی دەیانەوێت نوێنەریان لەو پەرلەمانە هەبێت، لیستی کاندیدەکان‌و ئەجێنداو بـەرنـامـەی کـارکـردنـی خـۆیـان پێشکەشکردووە، بۆئەوەی ئەگەر لە پێنج ساڵی داهاتوودا متمانەی خەڵکیان بەدەستهێنا، بزانرێت ئەو حیزبانە چی دەکەن‌و خەڵک بۆچی دەنگی پێداون، هـەر حـەوت حیزبەکەی پەرلەمانی سوید لیستی خۆیان هەیە، بێجگە لە ئەوانیش چەند حیزبێکی دەرەوەی نـاو ئـەو پەرلەمانە لیستی خۆیان هەیە بۆ پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا، سوید مافی (١٨) ئەندام پەرلەمانی هەیە لە ئەوروپا، ئەو (١٨) ئەندامەش دابـەشـدەبـێـت بـەسـەر حیزبەکان‌و ناوچەکاندا، واتە ئەو حیزبەی زۆرترین دەنگی بەدەستهێنا زۆرترین ئەندام پەرلەمانی دەچێتە یەکێتی ئەوروپا، لەو وڵاتانە لەبەرئەوەی ئەزموونێکی دەوڵـەمـەنـدی دیموکراسی هەیەو مێژوویەکی درێژیان لە کاری سیاسی‌و کێبڕکێی سیاسی هەیە، توندوتیژیی لەکاتی هەڵبژاردنەکان دروستنابێت، وەک ئەوەی لە کوردستان‌و وڵاتەکانی دیکەدا هەیە، بەڵکو لەوێ زیاتر رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن هەیە.

**رۆژنامە: پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای نیشاندانی بەرنامەو پلانی کاری لایەنەکانە بۆ خەڵک، یا سوکایەتیکردن بە یەکتری‌و ناوزڕاندنی کـانـدیـدەکـان‌و کەسایەتییەکان‌و ناشیرنکردنی بەرنامەکانی یەکتری چڕدەبێتەوە؟**

* چوونە ناو کەمپینی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن لەو وڵاتانە دوولایەنی هەیە، یەکەمیان هیچ لیستو لایەنێک بـەر لـەوەی بەرنامەی کـاری خۆی پێشکەش بکات ناتوانێت بچێتە ناو ئەو کەمپینەوە، چونکە رەخنەی لێدەگیرێت‌و پێیاندەوترێت تۆ هیچ بەرنامەت دیارنییە تا بانگەشە بۆ خۆت بکەیت! لایەنەکەی دیکەی ئەوەیە حیزبەکان دەبێت بزانن لایەنە رکابەرەکانیان پێشتر چییان کردووە، ئێستا چی لە بەرنامەکەیاندا هەیە، بۆئەوەی لەکاتی پڕوپاگەندەدا کە لایەنە جیاوازەکانی حیزبەکان تێیدا بەشدارن، ئەگەر حیزبێک پێشتر لەپەرلەمان بووبێت ئەو بەرنامەیەی بە واقیعی جێبەجێنەکردبێت، پێیدەوترێت ئێوە چەند ساڵ لە پەرلەمانی ئەوروپا بوون ئەو کارانەتان نەکردووە، کەواتە ئەو بەرنامەیە لەگەڵ مێژووی ئێوە نایەتەوەو قسەکانتان راست نییە!؟ ئەمەش بۆ ئەوەیە من قەناعەت بە خەڵک بکەم دەنگ نەدات بە ئەو دەنگ بدات بە من، واتە رەخنەگرتنە لە بەرنامەی کـاری یەکتر، نـەک سوکایەتیکردن بـە ئـەنـدام پەرلەمانەکان، چونکە هەڵبژاردن لەو وڵاتانە بەئامانجی شکاندنی کاندیدەکان‌و سوکایەتیکردن بە کەسایەتییەکان نییە، بەڵکو کارکردنە لەپێناو کاریگەری خستنە سەر خەڵک، بۆئەوەی دەنگت پێبدەن.

**رۆژنـامـە: حیزب‌و پارتەکان بەچ شێوەیەک بەرنامەو ئەجێندای خۆیان بڵاودەکەنەوە؟**

* لـەڕێـی چـەنـد ئـامـرازێـکـەوە بەرنامەکان بڵاودەکرێنەوە، گرنگترین رێـگـا مـاڵـپـەڕە ئەلکترۆنییەکانن، چونکە هەموو خەڵک بەکاریدەهێنێت، واتـە لەڕێی ماڵپەڕە رەسمییەکانی حیزبەکان، چاوپێکەوتنەکانی رادیۆو رۆژنامەو تەلەفزیۆنەکان هۆکارێکی دیکەیە، یەکێکی دیکە لە رێگاکان لەڕێی تەلەفۆنی سەرتاسەرییەوە، کە هەر کەسێک دەتوانێت لە سوید پەیوەندی بـەو بـەداڵـەیـەوە بکات‌و چ پرسیارێکیان هـەبـێـت لەسەر بەرنامەی حیزبەکان وەڵامدەدرێنەوەو کارەکانیان بۆ روونەدەکرێتەوە، جگە لەوەش کاندیدەکان دەچینە ناو بازاڕو لەبەردەم سینەمایەک، رێستۆرانتێک، سەنتەرێک دەوەستین‌و بەرنامەکانمان بڵاودەکەینەوە، لەڕێی پۆستیشەوە بۆ زۆربەی ماڵەکان دەچێت.

**رۆژنـامـە: بەپێی سیستمی وڵاتی سوید، کاندیدەکان دەتوانن لە دەرەوەی پارت‌و رێکخراوەکان خۆیان کاندیدبکەن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی وڵاتەکەو یەکێتی ئەوروپا؟**

* وەک کەسایەتی نییە، بەڵکو دەبێت وەک قەوارەیەکی سیاسی تۆماربکرێت‌و بـۆ ئـەو مەبەستە ژمـارەیـەک ناو کۆبکرێتەوەو نزیکەی (٢٠٠٠) دەنگیش وەک پشتگیری بۆ لیستەکە پێشکەش دەکرێت، بەڵام دواتر حیزبە سیاسییەکان ئازادن لەوەی لە لیستەکەیان خەڵکی حیزبی یان غەیرە حیزبی تێدەکەن، بەڵام عورف وایە خەڵکی حیزبی بێت، لە پارتەکەی ئێمەشدا کەسی غەیرە حیزبی تێدانییە، ئەگەر بشمانەوێت کەسێک بکەینە کاندیدی خۆمان، دەبێتە ئەندامی حیزبەکە ئنجا ناوی لە لیستەکە تۆماردەکرێت.

**رۆژنامە: چەند کاندیدی کورد بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا هەیەو سەر بە چ پارتێکن؟**

* شـەش کاندیدی کـورد هەیە، دوو کاندید سەر بە پارتی سۆسیال دیموکراتن، دوانەکەی دیکە سەر بە پارتی چەپن، ئێمەش سەر بە پارتی ژینگەی سـەوزی سویدین، لەڕووی ریزبەندیشەوە هەیە شوێنەکەی زۆرباشەو دەیەوێت بێتە پێشەوە، هەشە زیاتر بۆ پشتگیرییەو زۆر مەبەستی نییە بێتە ناوەوە.

**رۆژنامە: گرنگی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپاو کاریگەری لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی‌و جەمسەری هێزی لە دونیادا چۆنە؟ ئایا بوونی کورد لەو جێگەیەدا دەتوانێت چی بۆ نەتەوەکەی بکات؟**

* یەکێتی ئـەوروپـا یەکێکە لە جەمسەرە بەهێزەکانی سیاسەت لە دونیادا، واتە لەگەڵ ئەمریکاو چین‌و روسـیـاو یابان دەژمـێـردێـت، (٢٧) وڵاتی ئەوروپی تێیدا بەشدارە، واتە هێزی (٢٧) وڵاتی ئەوروپیت لەپشتە، جگە لـــەوەی گرنگی‌و کاریگەری زۆری هەیە لە سیاسەتی ئابووری‌و ژینگەیی‌و کۆچ‌و لە چارەسەرکردنی زۆر کێشەی جیهان بەشدارە وەک جەمسەرێکی گرنگ راوێژی پێدەکرێت، هەر وەک دەکەوێتە نێوان خۆرهەڵات‌و خۆرئاواوە، لەم گۆشانەوە دەردەکەوێت هەبوونی کورد لەو پەرلەمانەدا گرنگی بێشوماری هەیە، بۆ نموونە لەکاتێکدا هێرشدەکرێتە سەر کورد لە باشوور یان لە باکوور، دەتوانیت ناڕەزایی خۆت نیشابدەیت‌و بۆچوونی خۆت بخەیتە سەر مێز، دەتوانیت لە رێگای پشتگیری پەرلەمانتارەکانی دیکەوە ئەو رژێمە مەحکوم بکەیت، دەبێتە فشار لەسەر ئەو رژێمە، هەر وەک زۆر پرس هەیە کە دەتوانیت بیگەیەنیتە سەنتەری دەسـەڵات، دانانی ئەو پرسانەش لە یەکێتی ئەوروپا خۆی سەرکەوتنێکی گرنگە بۆ میللەتی کورد.

> *** بە خوێندنەوەم بۆ پەیوەندییەکانی کورد بەو یەکێتییەوە، پێموایە تائێستا چ حیزبە کوردستانییەکان‌و چ حکومەتی کوردی نەیتوانیوە بەشێوەیەکی ئۆرگانیزەکراو سوود لەو پەرلەمانە ببینێت، واتە دیبلۆماسیەتی کورد لەناو ئەو یەکێتییەدا سەرکەوتوو نەبووە**
>
> *** زۆرجار بنەمای دیبلۆماسیەتی کورد لەسەر ئاستی خزمخزمێنەیەو دەبینین ئەو سەفیر خزمی فڵانەو ئەو نوێنەر کوڕی فڵانە**

**رۆژنـامـە: کـەواتـە چـی کـراوە بۆئەوەی دانیشتووانی کورد لە وڵاتی سوید بە تامەزرۆییەوە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەن‌و دەنگ بدەنە نوێنەرە کوردەکان؟**

* چەند شتێک کە گرنگە بکرێت، یەکێک لەوانە ئێمە کاندیدەکان، خوشک‌و برا کوردەکانمان هانبدەین بۆئەوەی بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن‌و دەنگمان پێبدەن‌و پشتگیریمان بکەن، بۆئەوەی پرسی کورد کە هی هەموومانە بگەیەنینە دەسەڵات، هەر وەک کایگەری دروستبکەین لەسەر خەڵکی سوید کە پشتگیرمان بکەن‌و دەنگمان پێبدەن، بەشێکی دیکە پەیوەندی بەوەوە هەیە تاچەند حکومەتی هـەرێـم، حیزب‌و رێکخراوە کوردییەکان، کاریان بۆ ئەوە کردووە پشتگیری لەو کاندیدە کوردانە بکەن، تاچەند لەڕێی ئامرازەکانی میدیاوە گرنگی ئەو هەڵبژاردنەیان رونکردووەتەوە ئایا بە لایەنگرانی خۆیان راگەیاندووە کە بەشداریی لەو هەڵبژاردنەدا بکەن، هەرچەندە ئێستا لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکانداین، بەڵام هیچ پشتگیرییەکی حکومەتی هـەرێـم‌و حیزبەکانمان نەبینیوە، لەکاتێکدا ئەرکێکی گەورە لەسەر شانی حکومەت‌و پارت‌و رێکخراوە سیاسییە کوردییەکانە لە تـەواوی بەشەکانی کوردستان.

**رۆژنامە: تۆ لەناو پارتێکی سویدی دایت، پەیڕەوو پرۆگرامی ئەو حیزبە رێگات پێدەدات لە سەنتەری دەسەڵات، یـان دوای ئـەوەی متمانەی خەڵک بەدەستدەهێنیت‌و دەچیتە پەرلەمانی ئەوروپا، گوزارشت لە هەستی نەتەوەیی‌و کێشە نەتەوەییەکان بکەیت؟**

* چەند ساڵێک ئەندامی سەرکردایەتی پارتی ژینگەی سوید بـووم، ماوەی چەند ساڵێکیش ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی بووم، ماوەیەکیشە ئەندامی یەدەکی پەرلەمانی سویدم، هیچ کاتێک بۆچوونی ئایدۆلۆژی رێگرنەبووە لە دەربڕینی پەیامی نەتەوەییم وەک کوردێک.

**رۆژنامە: سوید پێکهاتەی جیاوازی تێدایە، لـەڕووی ئایینیشەوە ئایینی جیاوازی هەیە، ئایا مەرجە هەموو پێکهاتەکانی ئەو کۆمەڵگایە نوێنەریان لـەنـاو لیستی کاندیدکراوەکانی**



# چاكسازیی یان بەفەرمیكردنی گەندەڵی؟

خدر مەرەسەنە

لەڕاستیدا ئێمە چ وەک تاكێكی سیاسی، یا وەک نووسەرو ریفۆرمخوازێک لەنێو كۆمەڵگای كوردیو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵكی كوردستان، نەماندەویست خۆمان لە كێشەو كاروباری حكومەتی هەرێمو حیزبە كوردییەكان لە باشووری كوردستان هەڵقورتێنینو ئاماژە بەو هۆكارانە بكەین كە قەیران خوڵقێنو بۆشاییان خستووەتە نێوان خەڵكو دەسەڵاتی سیاسی كوردی، بەڵام بەهۆی ئەوەی كە چارەنووسی كورد بەگشتی لێک گرێدراوە، ئەو كێشەو ناكۆكیانەی نێوان خەڵكو دەسەڵاتیش زیانی گەورەی بۆ كورد بەدواوە دەبێتو هەڕەشە لە بزووتنەوەی كوردو چارەنووسی گەلەكەمان دەكات، مەترسی ئەوەشی لێدەكرێت كە دەوڵەتانی داگیركەری كوردستان دەست بخەنە ناو كاروباری حكومەتی هەرێمو پیلانی هاوبەش لە دژی دابڕێژن، لەم رووەوە هاتینە سەر ئەو رایە كە لەم بوارەدا روونكردنەوەیەک ئاراستەی خوێنەرانو سەرجەم كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان بكەین، بۆ ئەم مەبەستەش سەرنجی خوێنەرانی بەڕێز بەلای باسێكدا رادەكێشین بەناوی گەندەڵی (سیاسی، ئابووری، ئیداریو حیزبی) لە چوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسی كوردیدا، كە ئەویش بریتییە لە نابەرابەریو نادادپەروەریو پێشێلكارییەكانی دەسەڵاتی سیاسیو ژێرپێنانی مافەكانی خەڵكو ئوسوڵو پرەنسیپەكانی دیموكراتییەت لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەدا، كە حاكمیەت بەسەر خەڵكی كوردستاندا دەكات، پێكهاتەی ئەم دەسەڵاتەش بریتییە لە دەسەڵاتی دوو حیزبی هاوپەیمان بەناوی (پارتی دیموكراتی كوردستانو یەكێتی نیشتمانیی كوردستان).

هەر لەم نێوەندەشدا پێویستە ئاماژە بەوە بكەین، گەندەڵی وەک دیاردەیەكی ناحەزو كۆنەپەرستانە، تەنیا بریتی نییە لە گەندەڵی داراییو دەستداگرتن بەسەر ئەو بودجەیەی كە لەلایەن حكومەتی ناوەندی بۆ ئاوەدانكردنەوەی كوردستانو گوزەرانی خەڵكی كوردستان دەدرێت بە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، بەڵكو بەگوێرەی ئەو هەموو هەڵاو هەنگاوەی كە خەڵكی كوردستان لەسەر شەقامو بازاڕو كۆڕو كۆبوونەوە جەماوەرییەكاندا لە دژی دەسەڵات دەریانخستووەو باسی لێدەكەن، كە جگە لە گەندەڵی داراییو ئیداریی، دەڵاڵیو واستەكارییو دامەزراندنی سەدان كەس كە هیچ بڕوانامەیەكیان نییە لە ئیدارە حیزبیو حكومییەكاندا بە پلەی باڵا، هەروەها بێبەشكردنی سەدان كەسی خاوەن بڕوانامە لە مافەكانی خۆیان بەگشتیو بەتایبەتیش ئەو كەسانەی كە وابەستەو گرێدراو بە تشكیلاتی ئەو دوو حیزبە نەبێت، زۆربەی مافەكانیان لێ زەوتكراوە، ئەمانەش جۆرێكن لە گەندەڵی ئیداریو حیزبیو حكومیی، بەمجۆرە پرۆسەی گەندەڵی هەناسەی لەپرۆسەی ئازادیو دیموكراتیەتو مافەكانی مرۆڤ بڕیوە، بەمشێوەیە بەشێكی زۆر لە خەڵكی كوردستان شكو گومانیان بەرامبەر بە دەسەڵاتی سیاسی بۆ دروستبووەو بێ بڕواییو بێ متمانەیی خەڵكی كوردستان بەرامبەر بە دەسەڵاتی سیاسیو حكومەتەكەی خۆیان گەیشتووەتە سنووری لێكترازان، هەر لەم بوارەشدا تەمومژی فەسادی ئیداریی حكومەتی هەرێمی كوردستانی داپۆشیوەو هەڕەشە لە دەستكەوتەكانی خوێنی شەهیدانی كوردستان دەكات، ئەمەش وایكردووە كە بەشێكی زۆر لە كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان لە دەسەڵاتی سیاسیو حكومەتەكەی خۆیان ناڕازیبنو متمانەیان پێی نەمێنێت.

ئەگەر سەرنجیش بدەینە ئەو رەوشە خراپو ئاڵۆزییەی نێوان خەڵكو دەسەڵاتو ئەوا ئەو بارودۆخە ناهەموارەی كە بەهۆی كردەوەی نەشیاوی دەسەڵات خۆی سەپاندووەتە سەر هەرێمی كوردستان، لەئاكامی هەمان كردارو رەفتاری سەركردایەتی كوردە، هەر لەم پەیوەندیەشدا بەو ئاكامە دەگەین كە دەسەڵاتی سیاسی كورد بەرژەوەندی گشتیو خێری هاوبەشی خەڵكی كوردستانی خستووەتە ژێر پێیو كردوویەتییە قوربانیی بەرژەوەندییە تایبەتییەكانی خۆی، كە دەسەڵاتو پوڵە، بەمجۆرە بەرژەوەندی گەلو نیشتمانەكەیان بە دونیای لەبیرچوونەوەی خۆیان سپاردووە، ئەمەش وایكردووە كە خەڵكی كوردستانو هەروەها ئەو بنەماڵانەی كە وابەستەو گرێدراو بەو دوو حیزبە نەبن، لە مافە سیاسیو ئابووریو تەنانەت كۆمەڵایەتییەكانی خۆشیان بێبەش دەكرێن!؟

هەرچەند ماوەیەكە لە میدیاكانی حیزبدا گوێمان لێدەبێت كە گوایا دەسەڵات دەیەوێت بۆ خۆی لەناو دەزگا حیزبیو حكومییەكاندا ریفۆرم بكاتو گۆڕانكاری لە سیستمی كاری ئیداریو سیاسییو مالیدا پێكبهێنێت، بە قەولی خۆی دەستیكردووە بە چاكسازیی بۆئەوەی كە هەم لە نرخو بەهاكانی تێكۆشانی ریفۆرمخوازان بهێننە خوار، هەم خەڵک واتێبگەیەنن كە دەسەڵات دەیەوێت خۆی پرۆسەی چاكسازیی ئەنجامبدات، بۆئەوەی جارێكی دیكەش لە رێگای هەڵبژاردنەوە مەشروعیەت بە دەسەڵاتی خۆیان بدەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش یەكێتی نیشتمانی هەر رۆژەی بەرپرسێک لەسەر پۆستو پلەكەی خۆی لادەداتو بۆرەیەكی دیكەی گەندەڵتر لە جێگاكەی دادەنێتو ریفۆرمخوازانیش لە ریزەكانی خۆیو حكومەت وەدەر دەنێتو ناوی لێدەنێت چاكسازیی!؟ بەڵام ئەمە دوور لە گومانە كە بەری رۆژ بە بێژنگ ناگیرێتو بە جێگۆڕكێكردنی بە مۆرە سواوەكانی خۆیو یان باشتر بڵێین، بە بادانو هەڵگێڕو وەرگێڕكردنی سیاسەتو خۆنواندنی لەم چەشنە، نە چارەسەری قەیرانەكان دەكرێتو نە خەڵكیش بێدەنگ دەكرێتو نە بە شتێكی وا بێ ئەرزشیش چاوبەستوو دەبن، ئەم هەراو هۆسەیەش لە میدیاكانی خۆیاندا بەیانی دەكەن، تەنیا بۆ بە فەرمیكردنی گەندەڵییە جۆراوجۆرەكانی خۆیانەو هیچ شتێكی دیكە لەپشتیەوە كە پێی بوترێت ریفۆرم، خۆی مەڵاس نەداوە.

لەم بوارەدا بۆ كۆتاییهێنان بە قەیرانەكانو شەفافیەتدان بە حكومەتو دەسەڵات، پرۆسەی چاكسازیی هەمەلایەنەیە، واتای خۆی هەیە كە بریتییە لە گۆڕان، واتە گۆڕانێک لە سیستەمو فەرهەنگی سیاسی دەسەڵاتو ئاوڕدانەوەیەكی پراكتیكی لە خەڵكی كوردستان بە دابینكردنی مافەكانیان دێتە ئەنجامدان، نەک بەو شێوەی كە یەكێتی نیشتمانی رووبەڕووی خەڵكی كوردستانو ریفۆرمخوازان دەبێتەوەو سەلبی مەسئولیەتیان لێدەكات، بەڵكو بە گۆڕانكارییەكی سیستماتیكو بنەڕەتی لە سیستمی دەسەڵاتداو لێكهەڵتەكاندنی ئەو سیستمە كۆنە، دووبارە دامەزراندنەوەو داڕشتنەوەی سەرلەنوێ بەشێوەی مۆدێرن لەسەر بنەمای فكرییو تیۆریی زانستی سیاسی نوێی سەردەمییانە، هەروەها بەدیموكراتیزەكردنی ئۆرگانە سیاسیو مەدەنی حیزبیو حكومیی دێتە ئەنجامدانو دەچێتە ناو بازنەی جێبەجێكردن، بەمجۆرە چارەسەری قەیرانەكان دەكرێتو سەروەرییەكانی حكومەتی هەرێم كە بەرهەمی خوێنی شەهیدانی گەلەكەمانە دەپارێزرێت، ئەویش بریتییە لە دەسەڵاتێک كە لە هەڵبژاردنێكی دیموكراتییانەدا دەنگی زۆرایەتی خەڵكی كوردستانی پێ بدرێت، لەهەمانكاتدا دادپەروەرییو دیموكراسیەت لەناو دامودەزگا حكومیی حیزبیەكاندا بچەسپێنرێتو مافەكانی خەڵكی كوردستان بەشێوەی یەكسان دابینبكرێتو هەموو كەس لە بەرامبەر یاسادا بەرپرسو مافی وەک یەكی هەبێت، ئەوكاتە هەم دەسەڵات دەبێتە جێگای بڕواو متمانەی خەڵكی كوردستانو هەم دوژمنان ناتوانن پیلانی هاوبەش لە دژی گەلەكەمان دابڕێژن، ئیتر بەمشێوەیە هەم حكومەت گەشە دەكاتو شەفافیەتی پێدەدرێتو هەم كۆمەڵگای كوردیش بە مۆدێرنیتە دەبێت.

لە غەیری ئەوەدا هەر چەشنە پەلەقاژەو خۆهێنانو بردنو هەڵتۆز داتۆزێک كە لەلایەن دەسەڵاتەوە بكرێت، نە كێشەكان چارەسەردەكرێنو نە دەنگی نارەزایەتی خەڵكی كوردستانیش لە دەسەڵات خەفە دەكرێت، ئەوەی كە ئێستاش سەركردایەتی یەكێتی نیشتمانی ئەو هەڵوێستەی كە بەرامبەر بە ریفۆرمخوازان گرتوویەتەبەر، هەڵوێستێكی توندوتیژو دژ بە پرۆسەی دیموكراسیو ئازادیی سیاسییەو زیاتر ریزەكانی یەكێتی نیشتمانی لاواز دەكات، ئەو ریفۆرمەش كە ئێستا سەركردایەتی یەكێتی نیشتمانی بە دەركردنی چەند بەرپرسێک لە دەزگا حیزبیو حكومییەكان ئەنجامیدەدات، ئەوە هەر نەک ریفۆرم نییە، بەڵكو پەیامێكە دەتوانین پێی بڵێین بەفەرمیكردنی گەندەڵی.

> دەسەڵاتی سیاسی كورد بەرژەوەندی گشتیو خێری هاوبەشی خەڵكی كوردستانی خستووەتە ژێرپێیو كردوویەتییە قوربانیی بەرژەوەندییە تایبەتییەكانی خۆی، كە دەسەڵاتو پوڵە، بەمجۆرە بەرژەوەندی گەلو نیشتمانەكەیان بە دونیای لەبیرچوونەوەی خۆیان سپاردووە

# لە سلێمانی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەستیپێكردووە

كانی سابیر

پەرلەمانی كوردستان كە زۆرینەی دەنگی حیزبە دەسەڵاتدارەكانن، داوایان لە كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان كرد كە وادەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەكان كە ماوەی (٢) مانگە كەمبكرێتەوە، چونكە ئەو ماوەیە بە زۆر دەزاننو بە ترسناكی دەزانن كەوڵات تووشی توندوتیژیی بێت، لەكاتێكدا كە تەنیا ئەوان خاوەنی هێزو دەسەڵاتنو پێویستە ئاسایش دابین بكەن.

هەرچەندە زۆریی ئەو ماوەیە هۆكەی دەگەڕێتەوە (وەک پەرلەمان ئاماژەی پێدا) كۆمسیۆن كارەكانی خۆی كردبوو، بەڵام سەرۆكی هەرێم وادەكەی دیارینەكردبوو.

لەڕاستیدا ئەو فەزا ئاڵۆزەی هاتە پێش، بۆ سەركردەكانی بڕیار ئاسان نەبوو، كە چەند لیستی جیاواز لە دەرەوەی لیستی هاوپەیمانی دروستبوو، دیاریكردنی وادەی هەڵبژاردن لەدوای دابەزینی ناوی قەوارە سیاسییەكان هات.

*دەسەڵاتی سیاسیی كە ئێستا ئەو ماوەیە بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردن بە زۆر دەزانن، لەلایەكی دیكەوە ئەوان پابەند نەبوون بە خاڵی دەستپێكی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەوە، هەر زوو لەژێر ناوی كارو پرۆژەكانی حكومەتی هەرێم دەستیان پێكردووە.

* لێرەدا هاوڵاتی تێگەیشت عومەر فەتاح لابرا، لەكاتێكدا چەند مانگێكی كەم مابوو بەسەر تەواوبوونی كابینەكەی بەڕێزیو بەئاسایی لادەچوو، بەڕێزی خاوەنی دەیان ساڵ خەباتو تێكۆشانە، هەروەها لەو سەركردانەی خەڵكی سلێمانییە كە بە دانسقە مابوون لە پۆستە سیادییەكانی (ی.ن.ک) لە دەسەڵاتی سیاسیو حكومیدا.

لە شوێنی بەڕێز كاک (عیماد ئەحمەد) دانراو كە شەوو رۆژ بەناوی كارو پرۆژەكانی حكومەتی هەرێمو خزمەتی هاوڵاتییان خەریكی كاری پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی پەرلەمانە، بە رێژەی خۆی، لە دانیشتنی لەگەڵ گەڕەكی (كانی ئاسكانو...) وتی (ئەمە پڕوپاگەندەی پەرلەمان نییە، بەڵكو ئەمە كاری حكومەتە خزمەتی هاوڵاتییان بكات)، دیارە تەنیا لەكاتی هەڵبژاردن بەپێی وتەی جەنابی حكومەت پێویستە خزمەتی هاوڵاتییان بكات.

لەوە گرنگتر بۆ یەكەمجارە حكومەتی هەرێم هاوڵاتییانی كرد بە رەقیب بەسەر كاری پرۆژەكان، لەكاتێكدا پرۆژە بودجەو پلانی پێش وەختی هەیەو كاتی تەواوبوونی دیارە، بەڵام حكومەتی ئێمە دڵنیایەو هاوڵاتییانیش دەزانن كە پرۆژەكان دەستپێكردنیان هەیەو تەواوبوونیان نییە.

هاوڵاتییان بەئاگانو دەزانن ئەو پرۆژە زۆرو بۆرو بێ پلانانە كە لەكاتی هەڵبژاردن بەسەر وڵاتدا باریوە، گرەنتی لەسەرەو لە ٢٠٠٩/٧/٢٦ ئێكسپایەر دەبن، ئەو فەرشە قیرەی شەوانە دادەخرێن لەسەر زەوی خۆڵو دواتر كۆدەكرێنەوە، رەنگە مەنهۆڵەكان لەبیرچووبن!!!

دیارە هاوڵاتی زۆر پرسیاری سەرسوڕهێنەری لادروستبووە؟

– لە باسی هەر پرۆژەیەكدا حكومەت دەیوت ئەمساڵ بودجە نییە، ئایا لەم كاتەدا ئەم بودجەیە لەكوێ هات!؟

– چەند ساڵە رۆژانە دەرچووانی كۆلێژو پەیمانگاكان دانەدەمەزرانو مانیان دەگرت، پاساوی دەسەڵات نەبوونی بودجە بوو، ئایا ئەم بودجەیە لەكوێ هات كە رۆژانە پەیمان دەدەن نەک بە دەرچووان، بەڵكو بە قوتابیەكانی كە هێشتا تەواویان نەكردووە؟

– بۆیە هاوڵاتی دڵنیایە ئەمانە هەمووی پەیمانی بێبنەماو پرۆژەی ئێكسپایەرن.

## مادەکە پوچەڵکراوەتەوەو تائێستا کاری پێدەکرێت

# مادەیەکی یاسایی ڕێگرە لەبەردەم لێپێچینەوە لە گەندەڵکاران

محەمەد ساڵح حەمەلاو

مادەیەکی یاسایی ڕێگرە لەبەردەم لێپێچینەوە لە وەزیرو بەرپرسە حکومییەکان، ئەندامێکی لیژنەی یاساییش ئاماژە بەوەدەکات ئەو مادەیە پێشتر پوچەڵکراوەتەوە، بەڵام تائێستا دڵنیانین لەوەی کە کاری پێدەکرێتو لە ڕۆژنامەی وەقائعی عێراقیدا بڵاوکراوەتەوە یان نا.

مادەی (١٣٦) لە یاسای سزادانی (ئسوڵی محاکەماتی عێراقی)، باس لەوەدەکات فەرمانبەر لە هەر پلەیەکدا بێت، کاتێک بە تۆمەتێک ڕەوانەی دادگا دەکرێت بۆ لێپێچینەوە لەگەڵیدا، دەبێت وەزیر یان بەرپرسەکەی ئاگاداربێتو لە ڕێگای بەرپرسەکەیەوە ڕەوانەی دادگا بکرێت، هەر بەپێی مادەی (١٣٦)، وەزیر بەپێی دەسەڵاتی خۆی دەتوانێت لەو کەسە ببوورێت.

جۆزیف ستافرد، بەرپرسی بەرنامەی دژایەتیکردنی گەندەڵیی ئابووریو ئیدارییو لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق، ئەوەی بەپێویستزانی مادەی (١٣٦) لە یاسای سزادانی عێراقی کە مادەکە پشتگیریی لە گەندەڵکاران دەکات، پوچەڵ بکرێتەوە.

دەربارەی وەڵامی ئەو پرسیارەش کە ئێستا ژمارەیەک وەزیری عێراق سەرگەرمی فرۆشتنی ماڵو موڵکەکانیانو خەریکی خۆئامادەکردنن بۆ دەرەوەی وڵات، بەرپرسەکەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق ئەوەی دووپاتکردەوە پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هاوکاریی عێراق بکات لە گەڕانەوەی ئەو وەزیرانەی سەروەتو سامانی عێراق دەدزنو بۆ بانکەکانی دەرەوەی دەگوێزنەوە.

د.ئەحمەد ئەنوەر، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، ماوەیەک لەمەوبەر لیژنەکەیان هەرسێ شارەزا یاساییەکەی سەرۆکایەتیی کۆماریان بۆ ئەو مەبەستە بانگهێشت کردووە.

ئاماژەی بەوەشکرد «یاساکە لە سەردەمی بەرەی نیشتمانیدا پوچەڵکراوەتەوە، بەڵام لە ڕۆژنامە وەقائعیەکانی عێراقدا بڵاونەکراوەتەوەو لیژنەی یاساییش بێئاگایە لە هۆکاری بڵاونەکردنەوەکەی»، ئەوەشی نەشاردەوە کە «ئەو مادەیە ڕێگربووە لەوەی کە تائێستا نەتوانرابێت بێ ڕەزامەندیی وەزیر، لێپێچینەوە لەگەڵ ژمارەیەک بەرپرسو بەڕێوەبەری گشتیدا بکرێت».

ئەو ئەندامەی لیژنەی یاسایی ئەوەشی ڕوونکردەوە، ئێستا لیژنەکەیان چاوەڕێی ئەوەن تابزانن مادەی (١٣٦) لەکاتی خۆیدا لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە یان نا، وتیشی ئەگەر مادەی (١٣٦) پوچەڵ نەکرابووەوە، ئەوا ئێستا پرۆژەیاسایەک لەبەردەست لیژنەکەیاندایە بۆ پوچەڵکردنەوەی مادەی (١٣٦)، لەچەند هەفتەی داهاتوودا ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت بۆ دەنگدان لەسەری.

بەپێی چەند سەرچاوەیەکی هەواڵ، پاش بانگهێشتکردنو لێپێچینەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە، عەبدولفەلاح سودانی، وەزیری بازرگانی بەرەو دەرەوەی عێراق هەڵاتووە، بەهۆی بوونی پاسپۆرتی بەریتانی کە توانیویەتی بەرەو دەرەوەی عێراق هەڵبێت.

دەربارەی ڕێگریکردن لە هەڵاتنی ئەو وەزیرانەی کە بڕیارە لەسەر مەسەلەی گەندەڵی لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، د.ئەحمەد وتی: «پەرلەمان هۆشیاریی داوەتە حکومەت، بەڵام ئێستا نوری مالیکی لە هەوڵی ئەوەدایە پێش ئەوەی پەرلەمان متمانە لەو وەزیرانە بسەنێتەوە، داوای لەلایەنە سیاسییەکان کردووە کە هەر لایەنە وەزیرێک بگۆڕێت، بۆئەوەی وادەرکەوێت کە ئەو دەستپێشخەریی کردووە لە گۆڕینی وەزیرەکان».

تانیا تەڵعەت، ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو «ئەو وەزیرانەی کە بەتۆمەتی گەندەڵی تێوەگلاون، تا بەڕەسمیی تاوانیار نەکرێن، لیژنەی پەیوەندییەکان ناتوانێت داوای گەڕانەوەیان بکات»، وتیشی: «وەزیرەکان تەنیا کەسێک نین کە لە عێراق هەڵاتبنو داوای گەڕانەوەیان بکرێت، بەڵکو کۆمەڵێک کەس کە بەتۆمەتی جۆراوجۆر تۆمەتبارن، ئێستا لەدەرەوەی عێراقن»، ئاماژەی بەوەشکرد، پێویستە سەرەتا حکومەت داوای گەڕانەوەی ئەو کەسانە بکات، لە حاڵەتێکدا ئەگەر حکومەت بەکاری خۆی هەڵنەستا، ئەوا پەرلەمان دەتوانێت بانگهێشتی سەرۆک وەزیرانو وەزیری دادو وەزیری دەرەوە بکات بۆ لێپێچینەوە لەگەڵیاندا.

ئەندامەکەی لیژنەی پەیوەندییەکان ڕوونیکردەوەئەوانیش هەمیشە جەختیان لەوەکردووەتەوە کە پێویستە کەسانی تۆمەتبارو هەڵاتوو بۆ عێراق بگەڕێننەوە، بەڵام بەوتەی تانیا «بەشێک لە وڵاتان چاویان بە ئارامیی ئاسایشی عێراقدا هەڵنایەت، بەشێکیان ڕازی نابن بە گەڕانەوەی ئەو تۆمەتبارانە».

## لەسەر تۆمەتی گەندەڵی، سەرۆکی پێشووی کۆریا خۆی کوشت

# سێئول تایمز: پیسی هەر پیسییە، ئەگەرچی هەوڵبدات خۆی بشارێتەوە

جەمال ئیختیار

حکومەتی کۆریای باشوور ڕۆژی شەممە ڕایگەیاند: سەرۆکی پێشووی ئەو وڵاتە (ڕوە مو هیون) لەشاخێکەوە خۆی خستووەتە خوارەوەو خۆی کوشتووە.

ئاژانسی (ئەسۆشێیتد پرێس) بڵاویکردووەتەوە، کە خۆکوشتنەکەی سەرۆکی پێشووی کۆریا (١٥) مانگ دوای ئەوە دێت کە ئۆفیسی بەجێهێشتووە، دوای ئەوەی کە خۆیو بنەماڵەکەی کەوتنەبەر لێپرسینەوە بەهۆی تۆمەتباربوون بەوەرگرتنی (٦) ملیۆن دۆلار لەخاوەن کارێکی کۆری لەکاتی سەرۆکایەتییەکەیدا.

تۆمەتەکان بۆ پیاوێک کە شانازی بە پاکبوونی خۆیەوە دەکرد لەوڵاتێکدا کە لەهەوڵی بنبڕکردنی ترادسیۆنو کلتووری گەندەڵییە، زۆر قورس بوون.

سێ هەفتە لەوەوپێش لێکوڵەرەوەکان بۆ ماوەی چەند سەعاتێک لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ (ڕوە مو هیون)،کردو ئەویش تۆمەتەکانی ڕەتکردبووەوەو لێکوڵەرەوەکان بەهیوابوون کە بڕیار بدەن، ئایا دەستگیر بکرێت یان نا.

سەرۆکی پێشووی کۆریای باشوور کە لە ٢٠٠٣وە بۆ ٢٠٠٨ سەرۆکی ئەو وڵاتە بووە، یەکێک بوو لەپارێزەرانی کۆریاو داکۆکیکار لەمافی مرۆڤ.

هیونو هاوسەرەکەیو دەیان سیاسەتمەداری دیکە لەهەفتەکانی ڕابردوودا بەوەرگرتنی بەرتیل تۆمەتبار کرابوون، ئەو دانی بەوەدا نابوو کە هاوسەرەکەی (٦) ملیۆن دۆلاری لەبازرگانێکی کۆریا وەرگرتبوو.

ڕۆیتێرز لەتەلەفزیۆنی کۆریای باشوورەوە دەگێڕێتەوە کە هیون سەعات (٥:٤٥) دەقیقەی بەیانی بە کاتی کۆریا، ماڵەکەی خۆی بەجێهێشتووەو واپێدەچێت کە سەعاتێک دواتر لەکاتێکدا کە خەریکی سەرکەوتن لە کێوی پونگیوا بووە، خۆی لەسەر شاخێکەوە کە بەرزییەکەی (٢٠ بۆ ٣٠) مەتر بووە، خستووەتە خوارەوەو خۆی کوشتووە.

لە ڕاگەیاندراوێکدا سەرۆکی کۆریای باشوور (لی میونگ باک) ئەو ڕووداوەی بە ڕووداوێکی جێگای ناخۆشیو پەژارەی زۆر ناوبردووە.

هیون براوەتە نەخۆشخانەی زانکۆی بوسان، بەڵام بەرپرسانی خەستەخانەکە ڕایانگەیاندووە، کە ئەو دەستبەجێ لەدوای کەوتنەخوارەوە مردووە.

هیون یاداشتێکی لە سەر کۆمپیوتەرەکەی خۆی بە جێهێشتووە، کە تێیدا نووسیویەتی (ئەوەی لە ژیانی من ماوەتەوە ئەوەیە، کە من ئەرک بم بەسەر خەڵکی دیکەوە، پەرێشان مەبن، ئایا ژیان و مەرگ هەردووکیان بەشێک نین لە سروشت؟ لۆمەی کەس مەکەن، ئەوە چارەنووسە).



دژە کردەوەکان بەرامبەر بە خۆکوشتنەکەی هیون جیاوازنو تێکەڵاوێکن لە ڕەخنەو ڕێزلێگرتن، ڕۆژنامەی (سێئول تایمز) لە زاری خوێنەرانییەوە دەگێڕێتەوە کە ئەو پیاوێکی گەورەو پڕ دەستکەوت بووە بۆ کۆریا، کە لە پاشخانێکی ساکارەوە هاتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەکە دەنووسێت (پیسی هەر پیسییە، ئەگەرچی هەوڵبدات خۆی بشارێتەوە).

هیون پێشتر داوای لێبووردنی لە نەتەوەی کۆریای باشوور کردبوو کە بۆتە هۆی نائومێدییان، بەڵام لە دوای ئاشکرابوونی مەسەلەکە لەلایەن ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتەوە، بە تایبەتی ڕۆژنامەی کۆنەپارێزی «بیگ سری» گوشارێکی زۆری خرابووە سەر هیون، کە پیاوێکی لیبراڵ بوو.

هیون هەوڵی باشی دابوو بۆ باشترکردنی پەیوەندی نیوان کۆریای باشوورو باکور، بۆ نمونە لە پیۆنگیانگ لەگەڵ سەرۆکی کۆریای باکوور کۆبووەوەو لە سەردەمی ئەودا بۆ یەکەمجار لە دوای ١٩٥٣-وە سەفەری هاوڵاتییان لەنێوان ئەودوو بەشەی کۆریا ئەنجامدرا.

لەگەڵ ئەوەدا کە ڕەخنەی لێگیرابو، بەڵام زۆر لە هاوڵاتیانی کۆریا خەمبارن بەو ڕووداوەو ڕێزیان لە هیون گرتووە.

قسەکەری پارتی دیموکراتی ئۆپوزسیون وتویەتی، کە خەڵکی کۆریاو مێژوو دەزانن کە چی پاڵی بە هیونەوە ناوە بۆئەوەی ئەو کارە بکات، ئەمە ئاماژەیەکە بۆ کۆنەپارێزەکان کە زەختی زۆریان بۆ سەر هیون دروست دەکرد.

ڕووداوەکە جگە لە ناوخۆی کۆریا، لە دەرەوە ئەو وڵاتەش سەر سورمانی دروستکردووەو لەوانە سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکان کە کۆنە وەزیرێکی خەڵکی کۆریای باشوورە سەرسورمانی خۆی ڕاگەیاندووە.

# فۆبیایی‌و پەتای گۆڕان



د.محەمەد ئەمین

بوونی هەر ڕووداوێک لەم گەردوونە پابەندە بە شوێن‌و کاتێکی دیاریکراوەوە، شوێن‌و کاتەکان لە گۆڕانی بەردەوامدان، واتە ڕووداوەکانیش دەگۆڕێن‌و لە دۆخێکدا نامێننەوە، بەڵام بەرەودواش ناگەڕێنەوە، وابزانم ئێمەش لە کوردستان بەدەرنین لەم یاسا گەردوونییەو بمانەوێت‌و نەمانەوێت گۆڕان ڕوودەدات وەک ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی دنیا، مێژوو شاهیدەو پێویست بە سەلماندن ناکات، جا خۆمان ئەو گۆڕانکارییە بکەین باشترە لەوەی بە فشاری نێودەوڵەتی بکرێت.

گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای دیموکراتی پێشکەوتووی ئەمڕۆدا ئاساییەو هیچ ترسێک ناخاتە سەر ئاسایشی نیشتمانی وەک زۆر لە دەسەڵاتە سیاسییەکانی وڵاتانی سێیەم باسی لێوە دەکەن، بەرەنگاری هەموو گۆڕانێک دەبنەوە بە پاساوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی وەک ئەوەی هەر خۆیان دلسوزبن بۆ گەل‌و نیشتمان.

ئەم‌فۆبیاوپەتای‌گۆڕانەش‌هەرێمەکەی ئێمەی گرتووەتەوە، وامان لێهاتەوە نەک لە گۆڕانەکە، بەڵکو لە هەموو وشەیەکی گۆڕانیش دەترسین، وەک گۆڕان لە خودی جەستەو فیکری ئادەمیزاد، ئاووهەوا، ئابووری، ئایدۆلۆژیا..... هتد، ئەوەمان لەبیرکردووە ژیان بەبێ گۆڕان ستەمە؟! بۆ دەبێت گۆڕانکاری لای ئێمە پرۆسەیەکی ترسناک بێت، بە واتایەکی دیکە بۆ دەسەڵاتی سیاسی جۆرێک لە ترس‌و حەزەری هەبێت بەرامبەر بە گۆڕان، لەکاتێکدا گۆڕان لە هەموو دنیادا پرۆسەیەکی ئاساییە، هاوڵاتی‌و حکومەت گوێی پێنادەن‌و بووە بە پرۆسەیەکی بەردەوامی ڕۆژانە، وڵاتێکی وەک ئەمریکا کە بە سەیدی (سەروەری) هەموو دنیا ناسراوە، گۆڕانکاری ریشەیی تیا ئەنجامدراو دەستاودەستی دەسەڵات کرا بەشێوەیەکی شارستانی.

فۆبیایی‌و پەتای گۆڕان وایکردووە چاکسازیی لە گۆڕان جیانەکەینەوە، بەهۆی بێزاریی‌و نارەزایی هاوڵاتی، ماوەیەکە حکومەتی هەرێم چ بەناوی چاکسازیی یان گۆڕان بانگەشەی گۆڕانکارییەکی گەورە دەکات لە پۆستە ئیدارییەکانی حکومەت، ئەمە خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکی باش‌و ئاسایی‌و شارستانییە ئەگەر بە پرۆژەیەکی دارێژراوبێت، ئەم پرۆسەیە زۆر سست‌و لاوازە، ماوەیەکی زۆرە خەلک چاوەڕوانی ئەو گۆڕانکارییانەن، بەڵام لەئاستی ئەو بانگێشەیە نییەوە بەپێچەوانەی وتەکەی بەڕێز مام جەلال (دەبێت حکومەت لە حیزب جیابکرێتەوە)، هەولی گۆڕانکارییەکان لە حکومەتەوە ناکرێن، واتە لە قەناتە حیزبیەکانەوە دەکرێن، هاوڵاتی ئاسایی زۆر بە چاوێکی پیرۆزو بەرزەوە سەیری ئەندام مەکتەب سیاسی یان سەرکردایەتییەک دەکات، بڕواناکەم هیچ هاوڵاتییەکی ئەم کوردستانە لەگەڵ ئەوەدابێت مەکتەبی سیاسی حیزبەکان ئەوەند خۆیان بچووک بکەنەوەو سەرقالی گۆڕینی کارمەندێکی حکومەت بن وەک پۆستی بەڕێوەبەری گشتییەک یان خوارتر، کاری ئەوان زۆر گەورەترو پیرۆزترو گرنگترە لەوەی کاتی خۆیان بەم کێشانەوە خەریک بکەن کە پێویست بوو لە کەناڵە یاساییەکانی حکومەتەوە بکرایە، ئەوان ئەرکێکی مێژوویی گەورەتریان لەسەرە، بۆ دەبێت هاوڵاتی پالێوراو وەک ناو سەیربکرێت بە پێوەری کوڕی باشەو مستەحەقە بۆ ئەو پۆستە لەبری هەڵسەنگاندنی بەرنامەی کارەکەی، بۆ دەبێت پاساو بۆ کاربەدەستە بەڕێزەکان بهێنرێتەوە کە لە پۆستەکانیان لادەبرێن، وەک ئەوەی تائێستا کاری باشیان نەکردبێت (وەک سزا لابرابووبێتن)، با ئێمەش لەئێستاوە وەک وڵاتانی پێشکەوتوو شارستانی پێوەری کات‌و لێهاتوویی بەکاربهێنین بۆ پۆستەکان، دوای تەواوبوونی کاتەکانیان لەو پۆستە ڕێ بە هاوڵاتییەکی بەڕێزی دیکە بدرێت تازەگەری بخاتە ناوەندەکەوە، چیتر بە چاوی گومانەوە سەیری پێشووی خۆمان نەکەین‌و کاربکەین بۆ داهاتوو، دەبێت حکومەت لەوە چاونەترساوترو (جريء) بێت، بۆ هەر گۆڕانکارییەک پاساو بهێنێتەوە، حکومەت دەبێت سەروەربێت لە کردارەکانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان بەمەرجێک لە یاسا دەرنەچێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گۆڕانکارییانە سستن یان هەر نین، جا ئەگەر حکومەت (واتە دەسەڵاتی سیاسی) لەمجۆرە گۆڕانکارییە (چاکسازییە) بچووکانەدا ئەوەندە سست‌و دوودڵ بن، کەواتە چۆن دەتوانن گۆڕانکاری گەورەو ریشەیی ئەنجامبدەن لە داهاتوودا؟! یان دەبێت چۆن تەقەبولی ئەو گۆڕانکارییە بکەن کە لەئارادایە چ بچووک بێت یان گەورە.

دەبێت هزرو تێگەیشتن‌و ڕۆشنبیریی خۆمان بگۆڕین بەرامبەر بە گۆڕان‌و وشەی گۆڕان، چیتر تووشی فۆبیاو ترس‌و لەرز نەبین، چونکە ئەمە حەتمیەتێکی مێژووییە، ئەگەر خۆمان نەوێرین‌و نەتوانین ئەو گۆڕانکارییە بکەین زەمانە پێمان دەکات، نەوەکانمان دەیکەن، بۆیە گۆڕان هەر دەکرێت! گۆڕانی ئەمجارەش زۆر لە گۆڕانەکانی پێشوو جیاوازترە، لەکاتێکدا نارەزایی‌و بێزاریی هاوڵاتی گەیشتووەتە ئاستێک ئەگەر لیستی سەربەخۆو جیاواز لە ساحەکەدا نەبوایە، هەرگیز بیری لە چوون بۆ هەڵبژاردن نەدەکردەوە، واتە هاوڵاتی بەخۆشی‌و ئاواتی گۆڕان بەرەو سندوقەکانی هەڵبژاردن دەچێت بۆ هێنانەدی کۆمەڵگایەکی مەدەنی دیموکراتی‌و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.

داواکاری جەماوەری کوردستان بۆ دەسەڵاتی سیاسی ئەوەیە، ترسیان لە فۆبیاو پەتای گۆڕان نەبێت زۆر بەئاسایی سەیری گۆڕانکارییەکان بکەن گۆڕانکاری بچووک بێت یان گەورە، تووشی فۆبیاو پەتای گۆڕان مەبن، بۆ هەر گۆڕانکارییەک پرۆژەی نیشتمانی تۆکمەی دارشتوتان هەبێت خزمەت بە گەل‌و نیشتمان بکات، دووربکەونەوە لە توندوتیژی‌و هەلسوکەوتی نابەجێ‌و زراندنی ناوی لایەنەکانی دیکە، نموونەیەکی شارستانی‌و جوان پیشانی جیهان بدەن، بۆ دنیای دەرەوەو ناوەوە بسەلمێنن ئێمەش میللەتێکی شارستانین‌و ترسمان لە گۆڕان نییە، ئەگەر نەخشەی سیاسیشمان بگۆڕدرێت، بەرژەوەندی گەل‌و نیشتمان پێش هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکە بخەن، سیستمێکی سیاسی نیشتمانی فرەلایەنی باشترە لە سیستمێکی سیاسی تاکرەویی.

ئەگەر پاساوی دەسەڵاتی سیاسی بۆ ئەم گۆڕانە لەدەستدانی ئەم ئەزموونەی ئێستا بێت! ئێمەی هاوڵاتیش دەپرسین، ئایا چ مەترسییەک هەیە لە خەتەری ئەنفال‌و کیمیاباران خەتەرناکترو گەورەتر کە هیچی لە ڕەوشی ئازادیخوازی گەلەکەمان نەگۆڕی‌و پشتئەستورتریشی کردین بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان؟ هاوڵاتی دەیەوێت لەژێر چەتری کۆمەلگای مەدەنی کوردی‌و لەژێر چەتری سیستمێکی سیاسیی دیموکراتی هەمەلایەنی نیشتمانی کۆببێتەوە، واتە لەژێر چەتری سەروەری یاسا کۆببێتەوە نەک لەژێر چەتری حیزبایەتیدا.

لەکۆتاییدادەمەوێت‌ئەوەلەبیرنەکەین ژیان بەبێ گۆڕان ستەمە؟! جیهانیش بە گۆڕانەوە جوانە، با ئێمەش بەشێک بین لەم جیهانەو خۆمان جوان بکەین.

# نوێبوونەوەو هەنگاوێک لەپێناو گۆڕاندا



هێمن لەتیف مەحمود

نوێبوونەوە بۆ خۆی دەرچوونە لە مەودایەکی زەمەنی کە ژیان چەقی بەستووە تێیدا، ئەوکاتەی ڕەوڕەوەکەی وەک خۆی کارناکات، بە هەموو چەمک‌و ماناکانیەوە بەتاڵ دەبێتەوە، کۆمەڵگاش چ وەک تاک کە ناسنامەی هاوڵاتیبوونی کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە، چ وەک فەزای گشتی کە فەزایەکی نوستووە لە بەرامبەر مەیدانخوازی (تحدا) لۆکالی‌و دەرەکیدا، ئەمە قۆناغێکە بۆ قۆناغێک کە هەموو ئەمانە دیسان بەرەو ژیانەوە هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەمەش ئەو کاتەیە کە زەرورەتی نوێبوونەوە گۆڕان دەسەلمێنێت، ئیتر لێرەوە هاوڵاتیبوون مانا وەردەگرێتەوە لەسەر ئاستی تاک، چونکە هیچ شتێک بەسەریدا ناگوزەرێت‌و ئەم لێی بێئاگا.

لەمبارەیەوە (ڕۆسۆ) دەڵێت هاوڵاتیبوون کاتێک مانای دەبێت کە تاک بە ئەرکی خۆی هەستێت ئەویش ئەوەیە، کە بواری ئەوەی پێبدرێت کە (حوکم بکات‌و حوکم بکرێت)، ئەمە بۆ سیاسەت گونجاوبێت، ئەوا بۆ هەموو بوارەکانی دیکەش پێودانگێکی گرنگە، چونکە سیاسەت جدیترین‌و گرنگترین کایەکانی ژیانە کە جڵەوگیری کایەکانی دیکە دەکات چ ئابووری بێت یان ڕۆشنبیریی یان کۆمەڵایەتی... هتد، هەر ئەمەش ئەو حالەتەیە کە نیشتمانی خۆیشی تێدا دەدۆزێتەوە، هەر ئەمەش بوو ڕەش پێستێکی بە ڕەگەز ئەفریقی بۆ یەکەمجار کرد بە سەرۆکی گەورەترین‌و مەزنترین وڵاتی جیهان، ئەمە دیسانەوە بۆ فەزای گشتیش هەر ڕاستە.

ئەو کەسەشی کە شەرەفی ئەم کارەشی پێ دەبڕێت، هەر ئەو کەسەشە کە دواجار مێژوو دروستدەکات، چونکە تواناو لێهاتوویی‌و کاریزمایی کەسەکانە کە ئەمە دەخولقێنێت، هەرچەندە فەیلەسوف‌و بیرمەندانی مێژوو لەسەر ئەم ڕایە جیاوازن، لەگەڵ پێویستی کەسی کاریزماشدا بوونی هەوڵ‌و قوربانی کۆمەڵگاش بە گرنگ دەزانن، تاکەکەس بەتەنیا کارێکی ئەوتۆی پێناکرێت، بەڵام خۆ هەر ئەو کۆمەڵگایەش کەسایەتییەکی بەهێزی بەهەموو ماناکانەوە دەوێت، تا ئەو ژیانەوەیە دروستبێت، خۆ ئەگەر ئەم کەسایەتییە لە کۆمەڵگادا بوونی نەبوو، ئەوا ئەم نوێبوونەوەیە دوادەکەوێت تا ئەوکاتەی کە کۆمەڵگاکە تووشی مەیدانخوازییەکی توندی دەوروبەر چ ناوخۆ یان دەرەکی دەبێتەوە بە هەموو بوارەکانییەوە، ئەو کەسایەتییە دەهێنێتە بوون، نموونەی لەمجۆرەش پەیدابوونی کەسایەتییەکی کاریزمی وەک (مهاتما گاندی)یە کە بوو بە ڕێبەری هیندییەکان، کە ئەمەش پاش زولم‌و زۆری بەریتانییەکان بەدرێژایی نزیکەی (پێنج )سەدە ئەم کەسایەتییە هات‌و هیندستانی لەژێر داگیرکاری دەرهێناوەو شۆڕشی خۆیی بەرپاکرد بەشێوەیەکی ئاشتییانە، هەرچەند تووشی گرتن‌و ئازاردان بوویەوە، بەڵام دواجار سەروەریی بۆ گەلێک تۆمارکردو ناوی وەک (پەیامبەری ئاشتی )چووە مێژووەوە، ئەمە بۆ کاتێک کە لەلایەن کۆمەڵگاوە قبولکراو بێت، خۆ ئەگەر قبولکراو نەبێت، ئەوا پاش ئەوەی کەنارگیر دەکرێت، دواتر هەر کۆمەڵگا بۆخۆی پێویستبوونی ئەو کەسە هەست پێدەکات‌و دەیهێنێتەوە.

لەم بارەیەوە (ئیبن خەلدون‌و ڤیکۆ) کۆکن لەسەر ئەم ڕایە، بەڵام بە داڕشتنی جیاوازەوە،لە باری یەکەمیاندا کەسایەتییەکە قبوولکراوبێت، تا ڕادەیەک گۆڕانەکە ئاسانتر دەکرێت، بەڵام لە باری دووەمدا کارەکە قورستر دەبێت، ئەمە بۆ ئاستێکی باڵا بۆژییانەوەی ژیارێک ڕاست بێت، بەهەمانشێوە ڕاست دەبێت ئەگەر بۆ ئاستێکی خوارتر ئەویش کۆمەڵگایەکی بچووکتر کە بەشێک بووە لە شارستانییەتێک بچوێنین.

لە بوونی مرۆڤەکانیشدا پاش ئەوەی کە دابەشبوونی جیاواز بەسەریدا هات، ئیتر بیرو تێفکرین‌و ململانێی جیاواز لەنێوان مرۆڤەکاندا هاتە ناوەوە لەسەر بوونی ڕاستەقینە لە هەر لایەک، ئەو ململانێیەش کە لەنێوان هەردوو هێزەکەدا خۆی دەبینێتەوە، واتە ئەو هێزەی کە گۆڕانکاریی دەکات‌و ئەو هێزەشی کە ڕێگردەبێت لێی، هەر لایەک خۆی بە خاوەن زۆرترین ڕاستەقینە دەزانێت،

لەوانەشە هێزی لەمپەڕ تاماوەیەک خۆڕاگرێت لەبەردەم هێزی نوێبوونەوەدا، ئەویش تا ئەوکاتەی لەلایەن بەشێک لە کۆمەڵگا قبولکراوە، یان ئەوەیە زەرورەتی گۆڕان‌و ژیانەوە هەستپێنەکراوە لەلایەن زۆربەی کۆمەڵگاوە، یان لەوانەیە ئەم مەسەلەیە نەخەملیبێت، لە هەر بارێکیاندابێت دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئەم نوێبوونەوەیەدا، تا ئەوکاتەی بژاردەیەک (نوخبەیەک) پێویستیی ئەم ژیانەوەیە لەسەر زەمینی واقیعدا دەسەلمێنێت، لێرەشدا دیسانەوە ئەم نوخبەیە تووشی مەیدانخوازییەکی توند دەبێتەوە بە هەموو لایەنەکانییەوە، تا ئەوکاتەی ئەم نوخبەیە گۆڕانکاری گرنگ لە هەناوی کۆمەڵگادا دروستدەکات‌و جارێکی دیکە لەسەر ئەو پایانەی کە کۆمەڵگای لەسەر دروستبووە کاردەکات، پاش ئەمە کۆمەڵگا دەکەوێتە سەر سکەی خۆی‌و لە کاروانی مرۆڤایەتی بەجێ نامێنێت، ئەمەیە پێویستبوونی نوێبوونەوە تا ماناکان هەموو بۆ ژیان دەگەڕێتەوە.

# کێ دەبێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان؟

عومەر جەلال



خۆکاندیدکردنی چەند دەنگێکی جودا بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هیچیان بۆ جولانی گۆمی مەنگی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان بە ئاراستەی پەیدابوونی دەنگی نوێ و دەمووچاو و بیری جیاواز، ئەمە ئەگەر لە نزیک مەودادا گرنگیەکانی بەروونی دەرنەکەون بەڵام لە دوور مەودادا کاریگەری و نێگە تیڤەکانی لە سەر پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا دەردەکەون و لانیکەم دەسەڵاتبەدەستەکانی چەند ساڵی ڕابردوو ناچاری بە خۆدا چوونەوە دەکات

شیمانەی بەدەستهێنانی کەسێکی جودا بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نەک هەر لاوازە، بەڵکو ئەگەرێکی بێئومێدە، بەڵام لەهەمانکاتدا هەڵگری بەخۆداچوونەوەی دەسەڵاتی هەردوو حیزبەکەی هەرێمە، هەروەک چۆن بوونی چەندین قەوارەو لیستی جودا بووەتە هۆی شۆکی لیستی کوردستانی، بەهەمان ئەندازەی خۆکاندیدکردنی چەند کەسایەتییەکی بەئەزموون، کە وەک کۆمسیۆن دەڵیت مەرجە ڕابردووی پاک بێت، ئەوە دەسەڵاتی بەرەو بەخۆداچوونەوە بردووە، هەروەک چۆن دەبینین‌و دەبیستین لە ڕاگەیاندنە حیزبییەکانەوە بەرلە ساتی هاتنی ریکلامی هەڵبژاردن بۆ حیزبەکان، ئەوە ڕابردووی ڕووخاوی شارەکانی کوردستان لەپێش هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩١ پیشاندەدات، لەکاتێکدا لە هەموو دونیادا شار هێندەی بەرەو پێشەوە دەڕوات، بۆ دواوە ناڕوات، ئەوەی دەیبینین لە تیڤییەکانەوە بەراوردکارییەکی بێمانایە کە گوایە کارو پرۆژەی ئەم حیزبانەیە کە ناوی حکومەتیان لەخۆیان ناوە، چجای ئەوەی بودجەی تایبەتی تاکی کوردی خۆی بووە بۆی خەرجکراوە، بەڵام دەسەڵاتی کوردی بە شەڕی ریکلامی هەڵبژاردن دەیفرۆشێتەوە.

ئەوەی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی هەرێمی کوردستاندا دەگوزەرێت، چاوەڕوانییەکی گەورەی نووسەران‌و ڕۆشنبیران‌و کەسانی خاوەن قوربانی‌و دلسۆزەکانی خاک‌و کەسانی تۆراوی حیزبەکانی کوردستانە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن، ئەمە ناکاتە ئەوەی کە خودی ئیرەیی بێت لە لیستی کوردستانی، لە هەمانکاتدا هەڵگری ئایدیای گەڕاندنەوەو جوانترکردنی ململانێی سیاسییە لە کوردستان بۆ هەنگاونان بەرەو فراوانکردنی دەروازەکانی دیموکراسی‌و ڕازاندنەوەی هۆڵی پەرلەمان بە دەنگ‌و ڕەنگی جوداوە، خودی پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەناوی خۆیدا هەڵگری چەمکگەلی تۆلرانس‌و گۆڕانی ئەو پنتە لاوازانەیە کە کۆمەڵگای لەسەر ڕۆنراوە، گرنگ نییە کێ دەبێتە سەرۆکی هەرێم، ئەوەی کە گرنگە کەسێکی دوور لە ئایدیای حیزبیی ببێتە سەرۆکی هەرێم بۆ ئاشتکردنەوەی تاکی کوردی‌و دەسەڵات، تا کوردستان هەمیشە نیشتمانی جوانبێت.

omerjelal@yahoo.com

# تێڕوانینی گەنج بۆ هەڵبژاردن

ئیبراهیم بالیسانی



بـــەردەوام دەبیستینو دەبـیـنـیـن، بـەتـایـبـەت لە کـۆبــوونــەوەی فـراوانــی حیزبییو بۆنە تایبەتییەکانو کاتەکانی دیکە، ئەوکاتانەی کە دەسەڵاتو حیزب پێویستی بە حەماسەتو هاتنەمەیدانی گەنج هەیە، ئا لەوکاتەدا بەرپرسان دەکەونە هۆنینەوەی قسەو ڕستەی یەکبەدوایەکی تایبەت بە مەدحو سەنای گەنج!! لەوێدا هەوڵدەدەن کاریگەرییەک لەسەر ناخو هۆشو جەستەی گەنج دروستبکەن تا گەنجان هانبدەن ڕووەو بەرەکانی شەڕ ملبنێن! تا لە یەککاتدا بپرژێنە سەرشەقامو پرۆتستۆی هەموو ئەو بڕیارو بەرنامانە بکەن کە لەگەڵ بەرژەوەندیی دەسەڵاتو حیزبی حاکمدا یەکناگرنەوە.

مێژوو بۆی سەلماندووین زۆربەی هەرەزۆری شۆڕشەکان لەسەر دەستو بەتواناو بوێریی گەنج بەرپاکراونو دەستپێکراون، ئەگەر گەنجان نەبووبن، بە پیرو پەککەوتووەکان کوا بەرخودان دێتە ئاراو بوون؟ بەڵام تەمەندارەکان بۆ پاراستنی پێگەی دەسەڵاتی یەکەمی خۆیانو هەبوونو مانەوەی خۆیان وەک سەرکردەو ناساندنی خودی خۆیان بە سەرکردەی کاریزما، بەردەوام لەبیری ئەوەدابوون بە پەیڤو قسەی کاریگەر، ناخو هۆشی گەنج داگیربکەنو وابکەن گەنجان تەسلیمی ژێر ئیرادەی خۆیان بکەن!!

لە رابردوودا هەریەک لەو سەرکردانەی کە ئێمە مەبەستمانو ناویان ناهێنین، لەبارەی سەرنجڕاکێشانو داگیرکردنی سەرتاپای ڕۆحو گیانی گەنج، پەیڤو دروشمی تایبەت بە خۆیانو گەنج هەیە! وەک گەنجان (سەری رمن، ڕووناکین، چران، مەشخەڵن، پێشڕەون، گیانبازنو...)، تا ئەم دروشمانە لە سەردەمێکدا دەردەبڕێنو بەیاندەکرێن کە ئاگری شەڕ بەرز دەبینرێتو داگیرساوە!

کاتێکیش کە ڕەوش ئارامدەبێتەوەو کاریگەرییەکانی نەمانی دەســەڵاتو کورسی کپدەبنەوە، گەنج تاوانبار دەکرێت بە خاڵیی لە بیرو نەبوونی ئینتیماو ڕاڕاو هیچ لەبارانەبوو! زۆرجار ئەو سەرکردانەی کە لەکاتی شەڕو شۆڕشدا دروشمی ئاگرینیان بەباڵای گەنجاندا هەڵدەداو دەکەوتنە مەدحو سەنایان، هەر ئەو سەرکردانە لەکاتی شێنەییو ئارامیدا لە کۆبوونەوە فراوانو تایبەتییەکانیاندا بە قسەی توندو بەهێزو توڕەییەوە گەنجانیان تێکدەشکاندو دەیانشکاندنەوە!! هەر ئەو سەرکردانە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەهەزاران گەنجیان دا بەکوشتو کەمئەندامیانکردنو هــەژارو لێقەوماوو دەربەدەریانکردن! ئەی بۆ ئێستا ئاوڕێک لەو گەنجانە نادەنەوە؟

لەم ماوەیەدا کاتێک کە هێشتا کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن بانگەوازی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ڕانەگەیاندبوو، کەچی لە میدیاکاندا ئەوەی دەوترا دووبارە نەدەکرایەوە!! ئا لەوکاتەدا گەنجێک بە شەلەشەل بەرەو پرسگەی یەکێک لە بەرپرسانی ئەم نیشتمانە هەنگاوی لەسەرخۆی دەنا، منیش لەگەڵ ئەودا گەیشتمە لای کاکی بەرپرس، ئەو گەنجە بە ڕەوشتێکی بەرزو بەڕێزەوە داوای یارمەتییەکی کەمی کرد بۆئەوەی بتوانێت نەشتەرگەریی بۆ قاچە زامدارو شکاوەکەی شەڕی ناوخۆی پێبکات! بەڵام بەداخەوە لەلایەن کاکی بەرپرس وەک پێویست وەڵامی نەدرایەوە! بەهەمانشێوەی جاران وەک چۆن بەڕێزەوە هاتە ژوورەوە، بەهەمانشێوە لەسەرخۆ لەسەر قەنەفەکە هەستاو بە شەلەشەل دەرگاکەی بە هێمنی بەدوای خۆیدا داخستو ڕۆشــت!! بەهەمانشێوە لە کاتێکی دیکەو لە شوێنێکی دیکەدا گەنجێک دەستی ڕاستی بۆ لێپرسراوەکە بەرزکردەوەو وتی: «من کەمئەندامو دەستم سەقەتەو ئێستاش خوێندکارمو خێزاندارم، هاتووم یارمەتیم بدەیتو سوپاستدەکەم»، کاکی بەرپرس لە هیچەوە نێوچەوانی خۆی گرژکردو وتی: «بۆ من منەزەمەی خەیریم تا بتوانم یارمەتیی تۆ بدەم!! ڕۆژی دەیانی وەک تۆ ڕوو لە من دەکات، من چۆن دەتوانم یارمەتیی ئەو هەموو کەسە بدەم!!»، گەنجەکە بە ئەسپایی هەستاو بە نابەدڵی ڕۆشت!!

من نامەوێت لەوەزیاتر باسی هیچ نموونەیەکی دیکە بکەم، چونکە دەزانم ئێوەش دەیان نموونەی دیکەتان لایەو باسی ئەو گەنجانەش ناکەم کە ڕۆژانە لێرەو لەوێ لەبەر نەداریی، کۆتایی بە ژیانی خۆیان دەهێنن! باسی ئەو گەنجانەش ناکەم کە ڕۆژانە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا خۆیان باس لە ژیانو موعاناتی خودی خۆیان دەکەنو هەستی خۆیان چۆن دەردەبڕن.

کەچی هەر لە ئێستاوە لایەنەکانی بەشداربووی ئەم هەڵبژاردنە کە بڕیارە ئەنجامبدرێتو بکرێت، کەوتوونەتە خۆ بـۆئـەوەی بتوانن دەنگی زۆرتـریـن لە گەنجان بۆخۆیان مسۆگەربکەن! چونکە دەزانن ڕێژەی گەنج لەم کوردستانەدا زۆرەو ئەوان لەبەر نەبوونیو هەژاریی نەیانتوانیوە ژیانی هاوسەریی پێکبهێننو وڵات جێبهێڵنو لەدەوری حیزبدا کۆیانبکەنەوە! کەواتە دەکرێت ئێمە بۆ ئەم هەڵبژاردنە پرسیارێک لە گەنجان بکەینو بڵێین: ئێوەی گەنج تێڕوانینتان بۆ هەڵبژاردن چییەو چۆنە؟

Info_balisani@yahoo.com

# پەیامی پۆڵۆنیا بۆ کوردستان



ئەکرەمی میهرداد

**(٢-٢)**

## لە گدانسک تا سلێمانی

گدانسک ئەو شارە بوو لە پۆڵۆنیا کە سەندیکاو بزاڤی (هاوپشتی) تێیدا سەریهەڵدا، کرێکارانی ئەو شارەو بەتایبەتی کرێکارانی بەشی کەشتیسازی، سەرەتای کاری خۆیان بە دامەزراندنی سەندیکایەکی ئازادو دوور لە سیاسەتو پەیڕەوی حیزبی کۆمۆنیست دەستپێکرد. بەڵام زۆر زوو ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە دەبێت لە چوارچێوەی سنووورداری سەندیکاییو کرێکاری فراوانتر بڕوانن‌و بیربکەنەوە. ڕابـــەرانو تێکۆشەرانی هاوپشتی بەو ئاکامە گەیشتن کە دەبێت دەستبەرن بۆ گۆڕانکاریی ریشەییو پەیگیر، ئەمەش کاتێک بەئەنجام دەگات کە تەواوی بونیادەکانی کۆمەڵگای دیلو کۆیلەی ژێـر دەستی دیکتاتۆری کۆمۆنیستی بگۆڕنو لە ئەنجامی ئـەو گۆڕانە بتوانن لە سیستەمو دەسەڵاتی دیموکراتی بەهرەمەندبن، هەرچەندە سەرەتا ئەوان وایاندەزانی کە گۆڕانکاریی لە هەندێک بوارو بەشی ناو دەسەڵاتی بیرۆکراتیو دووبارە سازدانەوەی ئەو بەشانە، دەتـوانـن هەندێک دەستکەوتو ریفۆرم پەیدابکەن، بەڵام دیسان زۆر زوو لەوە گەیشتن کە نە ئەو حکومەتو دەسەڵاتە بۆ ئەوە دەبێت ریفۆرمی تێدا بکرێتو نە خەڵکیش بە بوونو مانەوەی ئەو دەسەڵاتە تۆتالیتارو هەژموونگەرایە دەستیان دەگاتە ژیانی شایستە بە مرۆڤی ئەو سەردەمە، بۆ ئەم مەبەستە سیاسەتی کرێکاریو سەندیکاییو ریفۆرمیان لـەنـاو دەســـەڵات فـراوانـکـرد بۆ سازدانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیو جەماوەری، کە پێڕاگربێت لەسەر مـافـەکـانـی مـــرۆڤـو ئــازادیــیو دادپەروەریی، هەر وەک بیرمەندانو لەناویشیاندا (ئالان تۆرین) دەڵێن (بزاڤی هاوپشتیو بزووتنەوەی دیموکراتیکی هاوڵاتییانی پۆڵۆنیا دڵنیابوون کە دەبێت سیاسەتو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی هاوشان لەگەڵ پلورالیزمی فرەییدا ببنە بەرنامەو پەیڕەوی بزووتنەوەکە، سەرئەنجام لەم ڕێگایانەوە توانییان بزاڤێکی فراوانو فرەو ئاشتیخوازی جەماوەری لە بەرامبەر دەسەڵاتی دیـکـتـاتـۆردا بـە ڕاوەسـتـاویـی بەهێزبکەن).

بەرنامەو ئامانجی (هاوپشتی) لەپاڵ دروشمەکانی هاوڵاتیبوون، مـــافو ئـــازادیـــیو عـــەدالـــەتو ئاشتیخوازی، لە هەوڵی ئەوەدابوو کە گۆڕانکاری ریشەیی لە تەواوی سیستمی دەســـەڵاتو پێکهاتەی کـۆمـەڵـگـادا بـکـات، بـۆ ئەمەش سیاسەتێکی فـراوانـتـریـان لە سیاسەتی نەریتی گرتەبەرو ڕویان کردە سیاسەتی کۆمەڵایەتی.

لەم کاتو سەردەمەی ئێستادا لە سلێمانیو لە باشووری کوردستان، بزووتنەوەیەکی نەیارییو نارەزاییو ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی ئێستای حکومەتی هەرێم بەڕێوەیەو تادێت شەپۆلەکانی فراوانترو بەهێزتر دەبێت، ئێستا داوای گۆڕانو ریفۆرم لە بەرنامەو کارنامەی حکومەتی هەرێم بووەتە داواکاریو ئومێدێکی پانوبەرین لەناو کۆمەڵگای کوردیداو سەرەتاکانی لە شاری سلێمانییەوە تادێت ڕۆشنترو پەیگیرتر دەبێت، بەڵام یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم هیواو ئامانجە لـەوەدایـە کە تائێستا هەڵسوڕێنەرانو بکەرەکانی لەکاتی نوخبەی سیاسیو فەرهەنگیدا ماوەتەوە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم هەرچەندە پەیامی ئـەم شەپۆلە نەیارییو نارەزاییە هاوشێوەو هاوبەرنامەیە لەگەڵ شەپۆلەکانی (هـــاوپـــشـــتـــی)، بـــەڵام هێشتا کارەکتەرەکانی لەئاستی نوخبەی سیاسیو ڕووناکبیریدا ماوەتەوەو هێشتا خەڵکو توێژەکانی خەڵک نەبوونەتە بکەرو هێزی ڕاستەوخۆ بۆ ئەم ئاسۆو ئامانجە، یەکەمین بـەرنـامـەو بـڕیـاری ئـەو نوخبە سیاسیو ڕووناکبیرییە دەبێتو دەتوانێت ئەوەبێت کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵک هاوبەشی بکات لەم بزووتنەوەیە، نەک تەنیا لە دروشمو ئامانجدا، بەڵکو لە خودی بەشداریی ڕاستەوخۆی ئەوان لە گۆڕانکاریو هەنگاوە کردەییەکاندا.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە، کە دەبێت سنووری جوگرافی ئەم بزاڤە لە سلێمانییەوە فراوانتر بکرێت بۆ هەموو کوردستان، هەر وەک چۆن خەباتکارانی هاوپشتی گدانسک بە هەموو پۆڵۆنیادا بڵاوبوونەوە، ئەوان لە خەباتی سەندیکاییو کرێکاری لە گرانسکەوە خەباتیان کرد بەرەو تێکۆشانی گشتی لەسەر ئاستی کۆمەڵگا، ئێمەش دەتوانین خەباتو تێکۆشانی نوخبەی سیاسیو ڕووناکبیری سلێمانی فراوانتر بکەینو شەپۆلەکانی ئەم تێکۆشانە بەرەو هەموو هاوڵاتییانو هەموو کوردستان بەرین.

## پەیامی (هاوپشتی) بۆ بزووتنەوەی گۆڕانو ریفۆرم

بزووتنەوەی گۆڕانو ریفۆرم کە ئێستا لە کوردستان هێزو توانای شەپۆلەکانی دەبینرێت، سەرەتا لەلای نوخبەی ڕوناکبیری لە نووسینو وتارو لێکۆڵینەوەکاندا دەبینراو ماوەی چەندساڵێکە بووەتە بەرنامەی بەشێک لە تێکۆشەرانو نوخبەی سیاسی، ئەم بەرنامەو ئامانجە هەر لەسەرەتاوە هیچ نەبێت لە پەیامو نووسینەکانی هەردوو نوخبەی سیاسیو ڕووناکبیری، لایەنو توخمی بەهێزی ئەوە بوو کە زۆر پابەندی کۆمەڵگاو لایەنگری لە مافو ئازادییو دادپەروەریی کردووە بە قازانجی خەڵک بەگشتی، دیـــارە بـزووتـنـەوەیـەک کـە بەو جۆرەبێت، دەبێت بەهرەمەندیش بێت لە ســازوکـاری گونجاو بۆ دامەزراندنو بەرەوپێشەوەچوونی ئەرکو ئامانجەکانی بزووتنەوەکە، یان دەبێت بـــەردەوام لە هەوڵی هێنانەدی ئەو بەهرانەدا بێت.

بـزاڤـی هاوپشتی ئـەوەمـان فێر دەکـات کە ڕژێـمو دەسەڵاتە هەژموونخوازەکان، تەنیا بونیادو پێکهاتەی حکومەتو دەسەڵاتیان نـەشـێـوانـدووە، بەڵکو تـەواوی کۆمەڵگاشیان تووشی ئیفلیجی کـــردووە، لێرەوە سەرەتای کار دەبێتە ئەوەی کە دەبێت لەجیاتی سـیـاسـەتـی نـەریـتـی حـیـزبـو دەسەڵات، پەنا ببرێتەبەر (سیاسەتی کۆمەڵایەتی) بۆ زیندووکردنەوەو ژیانەوەی (دیموکراسی کۆمەڵایەتی) لە بەرامبەرو دژ بە دەسەڵاتی هەژموونخوازو بەناو دیموکراسی حکومەتەکان، لەم پێناوەشدا دەبێت ڕووبـــەڕوو میکانیزمی سیاسەت فراوانتر بکرێت لەوەی کە هەیەو سیاسەتی کۆمەڵایەتیو دیموکراتی جەماوەری بکرێتە بەرنامەو پەیڕەو، هەرچەندە سیاسەتی کۆمەڵایەتیو دیموکراتی جـەمـــاوەری هیواو ئامانجێکی گرنگە، بـەڵام خودی ئایدیاکە دەتوانێت سەرەتایەک بێت لەم کاروانەدا، سەرئەنجام ئەگەر ڕەوتی گۆڕانو ریفۆرم لە وڵاتی ئێمە بتوانێت ئەم سەرەتایە بکاتە بەرنامەو پەیڕەو، بێگومان دەتوانێت بەهرەمەندبێت لە یەکەمین بەندی بەرنامەی دیموکراسی کۆمەڵایەتی.

دیموکراسی کۆمەڵایەتی دەبێت لە ڕێگای ڕەوتی گۆڕانو ریفۆرم سەرەتایەکی دیکە بکاتە چوارچێوە بۆ ئەم ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتییە، کە ئەویش پرەنسیپی پلورالیزم یـان فـرەیـیـە، پلورالیزمیش لە ڕێککەوتنی چەند حیزبو ڕێکخراو یـــان بـیـــروبـــاوەڕی سیاسیو ئایدۆلۆژیدا سنووردار ناکرێت، بەڵکو پلورالیزمی ڕاستەقینە ئەوەیە کە هەموو کایەکانی سیاسیو ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی لەو ڕێگایانەوە کە لە بەرژەوەندی خـــۆیـــانو لـــە بـــەرژەوەنـــدی گشتیدایە، بێنە ناو بزووتنەوەی گــۆڕانو ریفۆرم لە کوردستان. پلورالیزمی کـــوردیو لەسەر دەستی ڕەوتو لیستی گـۆڕانو نوێبوونەوەو ریفۆرم دەتوانێت بەرنامە سیاسییەکان، ڕێکخراوە جەماوەرییو دیموکراتییەکان، فەرهەنگە جیاوازەکان، کەسایەتییە سیاسیو جەماوەرییەکانو تەواوی مافو ئازادییو دادپەروەرییەکان، بە قازانجی هەمووان لەم ڕەوتو لیستەدا کۆبکاتەوە، تەنیا لەدوای ئاوەدانکردنەوەی ئەم چوارچێوەیە دەتوانین بڵێین کە سیاسەتی فراوانتر لـە سیاسەتی نەریتی حیزبیو حکومەتیمان بەدیهێناوە، ئەگەر واش نەکەین بێگومان دەستمان بە گۆڕانو ریفۆرمی ئازادو دیموکراتی ناگات.

ســـەرەتــای دیـــمـــوکـــراســـی کـۆمـــەڵایـــەتـــی لـــە چـــوارچـــێـــوەی پلورالیزمی ڕاستەقینەدا دەبێت بەو بەرهەمەی کە بیرمەندانو زانایان پێی دەڵێن (کۆمەڵی مەدەنی)، چونکە کۆمەڵی مەدەنی ئەوە نییە کە هەندێک ڕێکخراو یان یەکێتی جەماوەرییو ڕشتەی هەبێت، لەمەش خراپتر ئەوەیە کە ئەم ڕێکخراوانە وابەستەبن بە حیزبو حکومەتی دەسەڵاتدار، بەڵکو کۆمەڵی مەدەنی بەتایبەتی لـەدوای بزووتنەوەی (هاوپشتی) بۆ هێز، چوارچێوەو ڕێکخراوو یەکێتییە جەماوەرییانە کە بەشدارن لە دروستکردنی گۆڕانو ریفۆرم بە قازانجی گشتی. (هاوپشتی) لەوەش زیاترمان فێردەکات کە کۆمەڵی مەدەنی نەک تەنیا دەتوانێت مافو ئازادییەکانو عەدالەت بەدەست بهێنێت، بەڵکو دەتوانێت تەواوی سیستمی حکومەتو کۆمەڵگاش بەرەو ئازادییو کرانەوە بەرێت. بزووتنەوەکانی مافە مەدەنییەکان لە ساڵانی دەیەی ١٩٥٠ی ئەمریکا، ڕاپەڕینی خوێندکارانو لاوانــی فەرەنساو ئەوروپا لەساڵی ١٩٦٨و بزووتنەوەی هاوپشتی پۆڵۆنیا لە ١٩٨٠- ١٩٨٩، دەبنە سەرەتا گرنگەکانی کۆمەڵی مەدەنیو فشارو کاریگەری کۆمەڵی مەدەنی لەسەر سیستمو دەسەڵاتی سیاسی.

ئێمە لە کوردستان لەساڵی ١٩٩١ بەدواوە، لە پەیوەند بەم باسەدا، دوو ئەزموونمان پیادەو پەراوە کردووە، یەکەمیان ئەزموونی ڕاپەڕینی بە شکۆو فراوانی خەڵکی کوردستان بوو لە دژی دەسەڵاتی داگیرکەری بەعس، واتە سازدانی (شۆڕش بوو لـەخـوارەوە) لە دژی دەســەڵاتو بۆ ڕووخانی دەسەڵات. دووەمیان هەوڵدان بوو بۆ سازدانی (ریفۆرم لەسەرەوە)، واتە بەرنامەی ریفۆرم لەناو حیزبو حکومەت لە دژی گەندەڵیو نەبوونی مافو ئازادیی. لەساڵانی ١٩٩٩ تائێستا (بەتایبەتی لەناو سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک) چەند جارێک هەوڵ بۆ ئەم کارە دراوە، بەڵام بێ سوودو بێ ئاکام هەوڵەکان سەریان نایەوە، ئێمە ڕاستە بەهۆی ڕاپەڕینەوە حکومەتی بەعسمان لە بەشێکی کوردستان کـردە دەرەوە، بەڵام بەهۆی ڕاپەڕینەوە (یان لەڕاستیدا تەنیا لـە ڕێـگـای ڕاپـەڕیـنـەوە) نەمانتوانی سیستمو کۆمەڵگایەکی شـایـسـتـە بـە مـــرۆڤو مـافـو ئازادییو عەدالەتی ئەم سەردەمە دروستبکەین، هەروەها هەوڵەکانی ریـفـۆرم لە ســەرەوەش نائومێد پاشەکشەیان کـرد، لەم نێوانەدا پەیامی هاوپشتی پێمان دەڵێت (بیر لە بەرنامەو ڕێگاو سازوکاری بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی پۆڵۆنیا بکەنەوە، لە ڕێگاکانی کۆمەڵی مەدەنی، دیموکراسی کۆمەڵایەتی، پلورالیزمی سیاسیو جەماوەرییو ئاشتیخوازییەوە دەتوانن بگەن بە هیواو ئامانجەکانتان).

**تێبینی: تەواوی زانیارییەکان دەربـارەی پۆڵۆنیاو (هاوپشتی) لە کتێبی (زمانی برای انسانیت بشر) لە نووسینی (رامین جهانبگلو) وەرگیراوە، لە لاپەڕەکانی (٣٤- ٣٧)**

> **بزووتنەوەی گۆڕانو ریفۆرم کە ئێستا لە کوردستان هێزو توانای شەپۆلەکانی دەبینرێت، سەرەتا لەلای نوخبەی ڕوناکبیری لە نووسینو وتارو لێکۆڵینەوەکاندا دەبینراو ماوەی چەند ساڵێکە بووەتە بەرنامەی بەشێک لە تێکۆشەرانو نوخبەی سیاسی**

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون

**بانگەوازی ئاشکرا ٥٠٨ – R٣**

پرۆژە: تێکەڵەرێژکردن و قیرتاوکردنی چەند گەرەکێک لە دەربەندیخان (دووبارە).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٥ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٨ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٦/٩ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی٢٠٠٩/٦/٩ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٥) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢-ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیـاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بری تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٣٠٠٠٠٠٠٠) سی ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون

**بانگەوازی ئاشکرا ٤١٢ – R١**

پرۆژە: دروستکردنی سیاج و لێدانی بیر بۆ بینای بەڕێوەبەری ناحیە لە سێوسێنان (دووبارە).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٥ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٨ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٦/٩ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی٢٠٠٩/٦/٩ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢-ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیـاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بری تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٤٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون

**بانگەوازی ئاشکرا ٥ – R٤**

پرۆژە: تەواوکردنی هۆڵی پرسە لە گوندی قەرەگۆلی سەروو لە زەرایەن.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٥ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٨ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٦/٨ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی٢٠٠٩/٦/٨ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢-ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیـاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بری تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٥٠٠٠٠٠) ملیۆنێک و پێنج سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
ئەگەر سنوورو چوارچێوەی ئاڵترناتیڤە سیاسییەکان دەرئەنجامی ناکۆکییە مێژووییەکان بێت، لەوانەیە هاوسەنگی هێزە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکاندا بگۆڕدرێت، بەڵام بەگشتی ئەم گۆڕانی هاوسەنگییە تەنیا گۆڕانێکی لاوەکی و کاتییە و ئەمەکدارییەکانی پێشوو سەرلەنوێ و بەخێرایی دێنەوە ئارا، لە هەندێک لە وڵاتاندا بۆ وێنە (ویلایەتەیەکگرتووەکان و بەریتانیا) سنووربەندییە نوێیەکانی سەدەی بیستەم گۆڕانێکی زۆریان لە هاوسەنگی هێزە سیاسییەکاندا پێکهێنا، ئەم سنووربەندییە سەرلەنوێیانە بووە هۆی دروستبوونی (پلانی نوێ)ی فرانکلین ڕۆزوێلت لە دەیەی ١٩٣٠ لە ویلایەتەیەکگرتووەکان و سەرکەوتنی (حیزبی کرێکار) لەساڵی ١٩٤٥ لە بەریتانیا، بەڵام لە زۆربەی دیموکراسییە قەدیمییەکاندا، مۆدێلی سەرەتایی سیاسەتەکانی کەلێن تا دەیەی ١٩٦٠و تەنانەت دوای ئەویش هەر مایەوەو (هەندێکجار لێکپچڕانە ئاراییەکانی ناو بنیاتە دیموکراتیکەکانی لێکگرێدەدا).

دەکرێت بەسانایی هۆی گۆڕان لە هاوسەنگی هێزە سیاسییەکان، وەک گۆڕانکارییەکانی دەیەی ١٩٣٠ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و دەیەی ١٩٤٠ لەسەر بناغەی بوونی میکانیزمەکانی کۆمەڵایەتیبوون و پێکهێنانی پاراستە شیبکرێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە خەڵک ئەمەکدارییە سیاسییەکانی خۆیان بەدەگمەن دەگۆڕن، کەسانێکی تایبەت کە کۆی دەنگدەران پێکدەهێنن، بەردەوام لە حاڵی گۆڕاندان، کەسانی بەتەمەن توانایی خۆیان لەدەست دەدەن و دەمرن، ئەو لاوانەی کە لەوانەیە باوەڕو ویستی سیاسیی بەتەواوی لێک جیاوازیان هەبێت، جێی ئەوان دەگرنەوە، لە هەر هەڵبژاردنێک نزیکەی یەک لەسەر دەی دەنگدەران بۆ جاری یەکەم دەنگ دەدەن و جێی ژمارەیەکی وێکچوو لەو کەسانەی کە ئیتر بەشدار نابنەوە دەگرنەوە، ئەگەرچی لەوانەیە بەمیراتبردنی دەنگە سیاسییەکان لەلایەن بەرە (وەچە)یەکی نوێوە، لەگەڵ پارێزرانی بەرەی نوێ لە بەرامبەر گۆڕاندا، ڕاگوازستنی ئەمەکدارییە ئیتنیکییەکانی لێبکەوێتەوە، بەڵام خاڵێکی لاواز لەم پرۆسەیەدا بەرچاو دەکەوێت کە لەوانەیە بۆ یەک دەیە یان زیاتر بمێنێتەوە، دەکرێت لەو ماوەیەدا بە خستنەڕووی بیروڕاو ئینتیمای نوێ، بەرەی نوێ لە ئەمەکداریی (وەفاداری)یە بۆماوەییەکان دووربخرێتەوە، ئەگەر ژمارەی کەسەکانی بەرەی نوێ بەشێوەیەکی نائاسایی زۆربێت بۆ وێنە (لە یەک وەچەی تەقینەوەی حەشیمەتدا)، ئەم لادانە دەتوانێت گەلێک ئاکامی سیاسیی گرنگی بەدواوەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا سیستمە سیاسییەکان بەناچار سیستمێکی داخراو نین، کۆچکردن دەتوانێت ببێتە هۆی هاتنەناوەوەی کەسانێکی نەپارێزراو (مصون نشده)، لەوانەیە پەرەسەندنی مافی دەنگدان کەسانێک بکاتە خاوەنی دەنگ کە پێشتر نوێنەرێکیان نەبووە (یان ژمارەی نوێنەرەکانیان کەمتر بووە). لەسەردەمی هاوچەرخدا، مسۆگەربوونی مافی دەنگدان بۆ تازە لاوان لە زۆربەی وڵاتاندا کاریگەریی گەورەی لەسەر هاوسەنگی هێزە سیاسییەکان هەبووەو هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ ڕوونکردنەوەی بەختو شانسی حیزبە سیاسییە نوێیەکان لەو وڵاتانەدا، هەروەها ڕەنگ بێت میکانیزمە ئاساییەکانی کۆمەڵایەتیبوون و پێکهێنانی پاراستە لە سەردەمانی پشێویی و ئاڵۆزیی سیاسیدا بێدەنگی لێبکرێت، واتە لە سەردەمانێکدا کە ورووژان و گرۆتینە سیاسییەکان سەرهەڵدەدەن، ئەگەری جێبەجێکردنی بڕیارێکی هەڵنەسەنگێندراو لەلایەن تاکەکانەوە کە لەسەردەمانێکی هێمن و ئارامدا دەرچووە، کەمدەبێتەوە.

دەرکردنی بڕیارێکی یەکجارەکی لەمەڕ ئەم چەشنە بابەتانەوە دژوارە، چونکە شێوازەکانی ئێمە بۆ تاوتوێ و موتاڵای دەنگدەران و هەڵبژاردنی حیزب لەکاتی سنووربەندییە گەورەو نوێیەکانی ئەم سەدەیە زۆر سەرەتایی بوون، ئەو ڕوونکردنەوانەی سەبارەت بە تێگەیشتن لە درێژەکێشان و گۆڕان دامانهێناون نوێن، بەڵام ڕێی تێدەچێت کە سنووربەندییە نوێیەکان لە دوو شتەوە سەرچاوەیان گرتبێت:
١- پێگەیشتنی بەرەیەکی نوێ لەو دەنگدەرانەی کە دەنگەکانیان جیاوازییەکی سەرەکییان لەگەڵ دەنگی ئەو کەسانە هەیە کە لەخۆیان گەورەترن. ٢- ڕادەی نائاسایی گۆڕانی دەنگ لەنێوان دەنگدەرە بەتەمەنترەکاندا.

## سەفشکێنی و هەڵبژاردن لەکاتی دەنگداندا

لەم ساڵانەی دوایداو لە ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتاندا، ژمارەی کەسانی نەپارێزراو (مصون نشده) کە دەکرێت ئەوانیش لە ڕێگای خستنەڕووی بیروبۆچوونی سیاسیی نوێوە چالاک بکرێن، بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە. لەسەرەتاکانی دەیەی ١٩٧٠-ەوە شایەتی ئەوەبووین کە گەلێک جووڵانەوەی کۆمەڵایەتی نوێ ڕوو لە زیادبوون لە پەیوەندیی لەگەڵ بەرگریی لە جۆراوجۆرییەکانی پەیوەندیدار بە ژینگەوە، پێداویستییەکانی ژنان و هەموو چەشنە بەرژەوەندییەکی کەمایەتییەکان هاتوونەتە ئاراوە، پەیڕەویکردنی تاکەکان لەم چەشنە جووڵانەوانە ئیتر دەرئەنجامی پەیوەندی بەرەوڕوو نییە، هەندێک لە جووڵانەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان حیزبی سیاسیی نوێیان پێکهێناوە، کە پێدەچێت سەرهەڵدانی ئەو جۆرە جووڵانەوانە هاوکات بووبێت لەگەڵ کەمبوونەوەی توانای پێشبینی هەڵبژاردنەکان لەسەر بنەمای دەنگدان بە حیزب، هەندێکجار وەها دۆخێک بە (سەفشکێنی) ناوزەند دەکرێت، چونکە وەها ئاراستەیەک دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندی نزیکی نێوان حیزبە تایبەتەکان و گروپە کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکان لەناوبچێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەرچی ژمارەی لایەنگرانی حیزبە نوێیەکان کەمە، بەڵام ژمارەی ئەو کەسانەی لەبەر هۆکاری نانەریتی دەنگدەدەن زۆرو ڕوو لە زیادبوونە، دەنگدەران زیاتر لە پێشوو، نەک لەسەر بنەمای ئەمەکدارییە بۆماوەییەکان و بەستراوەیی حیزبی، بەڵکو لەبەر هۆی دیکە دەنگدەدەن، هۆکار گەلێک کە هەندێکجار زۆر ڕوونە و تایبەت بە خودی کەسەکانە، پێدەچێت کە سیاسەتی کەلێن بەو هۆیەی کە کاتی دەستپێکردنی پاشڤەڕۆیی (گەڕانەوە بۆ دواوە) جیاواز بووە، لە هەندێک لە وڵاتاندا پاشڤەڕۆییەکی زیاتری لەچاو وڵاتانی دیکە هەبووە. لە (بەریتانیا، فەرەنسا، ئوستورالیاو نیوزلەند) گرنگی سیاسەتی کەلێن لە ڕواڵەتدا لەکاتی یەکەمین تاوتوێی

www.rozhnama.com

# ـــــه ڕێگای هەڵبژاردنەوە



نەبێت، یا چاودێریی جێبەجێکردنی نـەکـات، سەرناگرێت)، من پێموایە دەبوایە نەوشیروان مستەفا بینووسیایە «تا هێزێکی داگیرکەرو دوژمنی کورد چاودێریی نەکات، ئەوا سەرناگرێت»، چونکە ئێمە نابێت ڕێککەوتننامەی پاریس‌و واشنتۆنمان بیربچێت، کە دوو هێزی دەرەکی بوون ڕێکیشنەکەوتن، کـەواتـە بـا پـرسـیـارە گـەورەکـەی ئێمە لێرەوە بێت، پاش ئەو هەموو کارەساتانە، وێرانکاریی، ئاوارەبوون‌و دەرکەوتنی فایلی خیانەتی قارەمانەکانی ئەم دوو حیزبە بە درێـژایـی هەژدە ساڵی رابردوو و ئەو هەموو هەوڵانەی دۆست‌و دوژمنەکانمان بۆ یەکخستن‌و یەکگرتنی ئـەم دوو حیزبە درا، بۆ مێشێک میوانیان نەبوو، کەچی ئەمڕۆ بەبێ هیچ کێشەیەک، بەبێ هیچ لایەنێکی سێیەم (ئەگەر بە نهێنی‌و ژێربەژێر نەبێت، ئـەوە نـازانـم)، ڕێککەوتوون خۆیان وتەنی لەسەر هەموو شتێک؟ ئایا بۆ کاتێک کورد پێویستی بەیەک هەڵوێستی‌و یەکڕیزیی هەبوو، ئەم دوو حیزبە خوێنی یەکیان دەڕشت، کەچی ئەمڕۆ کورد پێویستی بە فرەڕیزی‌و فرەحیزبی هەیە ئەمان یەکدەگرن؟ لە هیچ جێگایەکی ئەم دونیایەدا هەیە دوو حیزبی گەورەو رکابەر یەکبگرن، ئەگەر بەڵێیە، ئەی کەواتە هەڵبژاردن بۆ دەکرێت؟ ئایا ئەمە کوشتنی پرۆسەی دیموکراسی نییە دوو زلحیزبی هەر وڵاتێک لەکاتی هەڵبژاردندا لە لیستێکدا خۆیان بتوێننەوە، بەس بۆئەوەی لەسەر دەسەڵات بمێننەوە؟

ئەم مۆدێلە مۆدێلێکی نوێیە ئەم دوو حیزبەی کوردستان داهێنەرین، ئەم دوو حیزبە هەموو جۆرە سیاسەتێک دوور لە بەها ئەخلاقییەکانی سیاسەت بۆ مانەوەی خۆیان لەسەر دەسەڵات بـەکـاردەهـێـنـن، کـە ئـەمـە بۆخۆی تاقیکردنەوەی ڕێبازەکانی دیکتاتۆریەتە، هەموو دیکتاتۆرەکانی دونیا لە خاڵە لاوازەکانەوە پێگەی خۆیان دادەکوتن، ئەم سیاسەتە نوێیەی هەردوو زلحیزبی کـوردسـتـان، سەپاندنی پایەکانی دیکتاتۆریەتە لـە فۆرمێکی بەناو دیموکراسیدا دژ بەو لایەن‌و هێزانەی دەیـانـەوێـت پەرلەمانی کوردستان لە پەرلەمانێکی پاسیڤ‌و پاشکۆی حیزبییەوە، بگۆڕن بە پەرلەمانێکی چالاکی فرە دەنگ‌و ڕەنگ‌و خەڵکانی بە تواناو ئەزمووندار جێگای ئەو خەواڵوانە بگرنەوە. سەیرنییە ئەم دوو زلحیزبە ناتوانن نەک لەناو حکومەت‌و پەرلەماندا، بەڵکو لەناو حیزبەکەشیاندا ریفۆرمێک بکەن هیچ نەبێت بۆ خۆنوێکردنەوە، کەچی باس لە دروستکردنی حکومەتی مۆدێرن‌و دیموکراسی دەکەن، حیزبە مۆدێرنەکانی دونیا لەگەڵ هەموو هەڵبژاردنێکدا ئەگەرچی لە ئاستی پارێزگا/ هەرێمەکان یان سەرانسەری وڵاتـدا بـێـت، خـەڵـکـانـی بـەتـوانـاو شـارەزا وەک نوێنەری حیزبەکەیان هەڵدەبژێرن، نەک ئەو حیزبانەی ئێمە لە دروستبوونیانەوە تا ئەمڕۆ هەر کۆمەڵێک دەمـوچـاون‌و ئیمانیان بە هەموو شتێک هەیە تەنیا گۆڕان نەبێت، ئەم دوو حیزبە وا بۆ چل ساڵ دەچێت نەک گۆڕانی ڕیشەیی، بەڵکو گۆڕانێکی رووکەشیشیان لـە حیزبەکەیاندا نەکردووە وەک ئەوەی جگە لەم پیاوە ئێکسپایەرانەی سەرکردایەتییەکانیان، کورد خەڵکی بەتوانای نەبێت سیاسەت بکات، کەچی دەیانەوێت کۆمەڵگا بگۆڕن، بۆیە پێویستە ئێمە ئەوە بزانین گۆڕان لە خودەوە بەرەو دەرەوە هەنگاودەنێت، هەرکەسێک بیەوێت لە کایەیەکدا گۆڕان دروستبکات، دەبێت لە خودی خۆیەوە دەستپێبکات، بۆیە ئاستەمە هیچ کەسێک نەتوانێت لە خۆیدا گۆڕان بکات، بتوانێت لـەدەرەوە هیچ کاریگەرییەک لەسەر گـۆڕان دروستبکات، ئەندامە ئێکسپایەرەکانی ئەم دوو حیزبە کە تا بینەقاقایان لە گەندەڵیدا نقومبووە، بانگەشەی نەهێشتنی گەندەڵی دەکەن، هەریەکێک لە بەرپرسەکانی ئەم دوو حیزبە بگرین، دیکتاتۆرێکی بچووکەو باسی دیموکراسی دەکات، هەموویان ڕۆژانە ستەم لە خەڵکی سڤیل دەکەن‌و باسی ئازادیی تاکیش دەکەن...

یەکێتی‌و پـارتـی هـەژدە ساڵە پەرلەمانی کوردستانیان بەشێوەیەک مۆنۆپۆل کردووە، مرۆڤ هەستدەکات پەرلەمان مەڵبەندو لقی ئـەو دوو حیزبەیە نەک دەزگایەکی سەربەخۆ، کە نوێنەرایەتیی نەتەوەیەک دەکات، بۆیە ئەمڕۆ کورد پێویستە ئیتر بۆی پرسیاربێت ئەم دوو حیزبە لە هەژدە ساڵی رابـردوودا جگە لە گەندەڵیی، کاریزماو ستەمکاریی نەیتوانیوە هیچی دیکە بەرهەم بهێنێت، بۆ نەتەوەی کورد زۆر گرنگە وەک حەزرەتی مەحوی تێبگات کە (شوکر هوشیارە ((مەحوی)) تێدەگا دنیا خەراباتە).

سەمەرەیەکی دیـکـەی ئـەم دوو حیزبە ئـەوەیـە ئـەوەی لـە هـەژدە سـاڵـدا بۆ ساتێکیش بە مێشکیاندا گوزەری نەکردووە، ئێستا بە پەرجو (موعجیزە)یەک بیریان کەوتووەتەوە مەسەلەی پـاشـمـاوەو کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی گەرمیانە، هـەژدە ساڵە نە سەرۆکی هەرێم نە سەرۆکی حکومەت‌و پەرلەمان بە سەردانیش بێت رۆژێـک رێگایانە نەکەوتووەتە ئۆردوگای رزگاری (سمود)، تا بۆ چەند ساتێکیش بێت لە ئـازاری ئەو خەڵکە تێبگەن، مەسەلەکە لێرەدا تەنیا لایەنە مادییەکە نییە، بەڵکو لایەنە رۆحی‌و مەعنەوییەکەیە، دانـەوەی هێزە بەو کەسانەی قوربانیانداوە یان بوون بە قوربانیی لەپێناو کەرامەتی ئینسانیاندا، مەسەلەی ئەنفال‌و هەڵەبجە ئەو دوو کەیسە بوون کوردی باشووری بە جیهان ناساند، شەرعیەتدانی ڕووخانی رژێمی بەعسی زیادکرد، ئەو سفرە رازاوەیەی بەرپرسەکانی ئەم دوو حیزبە، سەفاو رابـــواردن‌و شـــەوی ســـووری پێ دروستدەکەن، لەسەر مێزێکە لە ئێسکی ئەو خەڵکە دروستبووە، کەچی تازە بەتازە بۆ فریودانیان بیر لە دروستکردنی خانوو دەکـەنـەوە، با پێشوازیکردن لەو روفاتانەی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی باشووری عێراق دۆزرانەوە، بوەستێت، کە بەرزانییەکان چ پێشوازییەکیان لێکراو ئەوانەی گەرمیانیش چەندین مانگ لە ژێرزەمینێکدا فەرامۆشکرابوون، با ئەو پرسیارەش بووەستێت لەکاتی گەڕاندنەوەیاندا بۆ گەرمیان تاکە بەرپرسێکی حکومەت لە مەراسیمەکەدا ئامادەنەبوو، تەنانەت وەزیری ئەنفال‌و شەهیدان لەو رۆژەدا لە گەشتوگوزاری دەرەوە بوو، ئا ئەمە چ ئیهانەتێکە نەک بە شەهیدو قوربانیانی کوردستان، بەڵکو بە نەتەوەیەک ساڵەهای ساڵ خەباتی کردووە لەپێناو ئازادیدا، کەچی کەس نییە بپرسێت ئەو وەزارەتـەی ناوی ئەنفال‌و شەهیدانە کاری چییە؟ رۆڵی ئەم وەزارەتە لەسەر کارکردنی جینۆساید چییە؟ وەزارەتێکی پارەخۆر لەژێر ناوی ئەنفال‌و شەهیداندا تائێستا خـاوەنـی چ پـرۆژەیـەکـە، وەک ئەو پرۆژانەی جولەکەکان پاش کۆتاییهاتنی رژێمی نازی بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیانیان کردیان؟ پرسیار زۆرە ئەم باسە بۆ کاتێکی دیکە هەڵدەگرم، تەنیا مەبەستم ئـەوەبـوو هـەژدە ساڵە خەڵک لە ئۆردوگای سمود ئاو نییە بیخۆنەوە، بەدەست نەداریی‌و نەخۆشییەوە دەناڵێنن، ئـەم دوو حیزبە چ پرۆژەیەکیان بۆ ئەم خەڵک‌و ناوچانە هەبووە؟ ئێستا بۆ هەڵبژاردن‌و فریودانیان لە کەناڵەکانەوە بیریان کەوتووەتەوەو دیسان ئەنفال‌و هەڵەبجە میدیای ئەم حیزبانەی پڕکردووەتەوە، بۆیە باشتروایە خەڵک تێبگات ئەم دوو حیزبە لە هەژدە ساڵدا نەیانتوانیبێت بناغەیەک بۆ ئەم پرۆسەیە دابرێژن، نەک لە هەژدە ساڵی داهاتوودا بەڵکو لە سەدەیەکی دیکەشدا ناتوانن هیچ بۆ ئەم خەڵکە بکەن.

ئـێـمـە وەک نـەتـەوەی کـورد لـە مـێـژوویـەکـی پڕ ستەمکاریدا گوزەراندومانە، بۆیە بۆ خۆدەربازکردن لـە دووبـارەنـەبـوونـەوەی ئـەو ستەمکاریانە، هەلێکی زۆربـاش لـەبـەردەمـانـدایـە ئـەویـش ئـەم هەڵبژاردنەی داهـاتـووە، کە پردێکە لەنێوان دیموکراسی‌و تۆتالیتاریدا هەر تاکێکی کورد تەنیا خۆی دەتوانێت بڕیاردەر بێت لەم نێوەندەدا، ئایا لە جێگای ئەمڕۆی خۆیدا بمێنێتەوە یان هەنگاوێک بەرەو ئایندە بنێت؟!

هـەروەهـا ڕوویـەکـی دیکەی ئەم هەڵبژاردنە هۆشیاریی خەڵکی کورد بۆ هەموو لایەک ئاشکرادەکات، کە ئەم نەتەوەیە لایەنگری کامێک لە فۆرمەکانی دەسەڵاتە! ئەم ئەزموونە بە هەموولایەک دەڵێت: کورد نەتەوەیەکە خوازیاری نوێبوونەوەو گۆڕانە یان نەتەوەیەکە پێویستی بە ئاغایەک هەیە حکومڕانیی بکات، پێویستی بە دیکتاتۆرێکە هەمیشە قامچییەکەی لـەسـەری بـێـت، ئەم هەڵبژاردنە تاقیکردنەوەی نەتەوەیەکە کە کێ بە نوێنەری خۆی هەڵدەبژێرێت‌و سەنگێکی مەحەکیشە بۆ ئـەو دوو حیزبە تا چەندێک دیموکراسین لە ململانێداو تا چەند دەتوانن دۆڕان قبوڵ بکەن، بۆیە هیوادارم ئەوەی دەنگدەدات بزانێت دەنگ بە کێ دەدات بێئەوەی لەوەبترسێت لە کار لادەبرێت یان نانی دەبڕێت، بۆیە وەک شاعیری گەورەی ئەڵمان (شیللەر) دەڵێت: (ئـاخ، ئەوە هەڵبژاردنی من نەبوو).

# کوشتنی دیموکراسی لـ

یاسین بانیخێلانی

## بەشی دووەمو کۆتایی

لەوەدەچێت ئەرکی حکومەت لای ئێمە کورتکرابێتەوە بۆ دوو ئۆرگانی حیزبی، ئـەم دوو ئۆرگانەش وەک مێژووە تاریکەکانی سەدەکانی پێشوو لەنێوان خۆیاندا هەرێمەکەیان دابەشکردووە، کارەکەشیان کـورتـکـراوەتـەوە بۆ دابەشکردنی داهاتی هەرێمو بەفیرۆدانی هـەمـوو دەسـتـکـەوتـەکـان لەپێناو بەرژەوەندیی حیزبیدا یان خۆیان وتەنی بە دوبەیکردنی سلێمانیو هەولێر، بەڵام دوبەیەکی بێ ئاو، کارەباو ئـاوەڕۆ، وەک ئەوەی هیچ شارو شارۆچکەیەکی دیکە لە کوردستاندا نەبێت، لە هەمووی خۆشتریش باسی ئاوەدانکردنەوە دەکەن، سەبارەت بە بودجەی هەرێمیش پەرلەمانو حکومەت وەک سەگەکەی پاڤلۆڤ لە دوورەوە دەمیان لیک دەکات، ژیانی خەڵکیش بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات ئـەوە کێشەی ئـەوان نییە، کاتێکیش ڕەخنە دەگرێت، ئەوا هێندە نووسەری دەرباریان هەیە نەک تەنیا بۆئەوەی وەڵامت بدەنەوە، بەڵکو بەڵگەی تاوانباریی‌و خیانەتی نیشتمانیشت بۆ دروستدەکەن، ئەمەشیان کـردووە، ئەگەر ڕۆژانـە گوێمان لە نووسەرە دەربارەکانی ئەم دوو حیزبە بێت چ ژەهرێک دەرخواردی کۆمەڵگا دەدەن‌و چۆن کەرامەت‌و ئازادیی ئینسان دەخەنە ژێر قۆندەرەکانیان، کەسیش ناتوانێت پێیان بڵێت «پشتی چاوتان برۆیە»، مرۆڤ ڕقی لە خۆی دەبێتەوە دەبینێت کێ نوێنەرایەتیی دەکات.

هـەرچـی فاشیل لـە سیاسەتدا، دووڕوو لە هەڵوێستداو مشەخۆر هەیە، تەنیا لەناو ئەم دوو حیزبەدا توانیویانە جێگایان بێتەوە، هەموو ئەوانەی بیروباوەڕو کەرامەتیان تەنیا لە بەرژەوەندیی کەسێتیدایە، خاوەن هەڵوێستێکی سیاسی نین، لەناو حیزب‌و لایەنەکانی دیکەدا نەیانتوانیوە بمێننەوە، ئەمڕۆ لەناو یەکێتی‌و پارتیدا هەریەکێکیان بەنو ئەسەد بن خەزیمەی (بنو أسد بن خزيمە) میدیاکانن. تەنیا کاری ئەم بەنو ئەسەدانە وەڵامدانەوەو تۆمەتبارکردنی هەموو ئەو کەسانەیە ڕەخنەیەک لە ئاغاو سەرۆک خێڵەکەی دەگرێت، لەپێناو ستایشێکی سەرۆک خێڵەکەیدا ئامادەیە کام ناوەی شیاونییە لە نەتەوەیەکی بنێت‌و بەمافی خۆشی دەزانێت پێمان بڵێت: (نانت نەدەمێ وەک سەگ پێم دەوەڕیت)، وەک ئەوەی ئەو پارە بێشومارەی دەڕژێتە ناو بانکەکانی ئەم دوو حیزبەوە، بە ڕەنجەشانی ئەو بەدەستهاتبێت، بۆیە دەشێت مەترسیی ئەمجۆرە حیزبانە لەوەدابێت خەڵکانی وا پـەروەردە دەکـەن هەموو مافێک بە خۆی بدات چی بڵێت‌و چۆن مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتییاندا بکات‌و چۆن لە مافەکانی ئەو خەڵکە دەڕوانـێـت، کە ڕۆژگارێک جگە لە هەزاران قوربانیی، بەڵکو ژیانیشی قوربانی ئەم ڕۆژگارە لوکسۆسەی ئەمان کردووە، هەموو ئەو کاریزمایانەی لەناو ئەو دوو حیزبەدا دەیانبینین، بەرهەمی عەقڵی ئەم بەنو ئەسەدانەن لە تەنگوچەڵەمەو قەیرانە ترسناکەکاندا، وەک فەیلەسوفی ئەڵمانی (نیتشە) دەڵێت: (خوێنەکانمانیان دەوێت نەک ئازارەکانمان).

خاڵێکی دیکە کە زۆر گرنگە ئەمڕۆ قسەی لەسەر بکەین‌و هەروا بە ئاسانی بەسەرمانداتێپەڕنەبێت، ئەم هەڵبژاردنەیە لە ٢٠٠٩/٧/٢٥دا دەکرێت، کە لەئێستاوە مەترسییەکانی ئــەو دەستکەوتە مێژوویی‌و هەلە گەورەیەی بۆ خەڵکی باشووری کوردستان هاتووەتە ئاراوە، لەلایەن یەکێتی‌و پارتییەوە بکەوێتە مەترسییەوە، ڕەنگە کەسێک بپرسێت مەترسییەکان لەکوێدان، کاتێک ئەو دوو حیزبە بــەردەوام بانگەشەی ڕەخساندنی ئازادیی بە هەموو ئەو لایەنانەی خوازیاری بەشداریکردنن لەم پرۆسەیەدا، دەکەن؟

ئـەگـەر کەمێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە بەمەرجێک تاوانبار نەکرێین بە هەڵدانەوەی برینە کۆنەکان‌و ئەمڕۆ ماڵی کورد بەرەو یەکبوون دەچێت، هەندێک ناحەزانی کورد چاویان بەم یەکبوون‌و یەکخستندا نایەت! ئەوا دەبینین مێژووی سیاسیی ئەم دوو حیزبە کە ئێستا بـوون بە سەرێک لە دوو جەستەدا، مێژوویەکی تا سەر ئێسقان خوێناوییە، ئەم دوو حیزبە ئەوەی نەدەکرا بکرێت لە هەژدە ساڵی ڕابردوودا بەرامبەر بەیەک کردیان، کە بووە هۆی لەکیسدانی زۆر هەلی گەورەو مێژوویی، یەکێک لەوانە ڕێککەوتننامەی پاریسە، ئەوکاتەی پێویست بوو، ئەوکاتە بوو کورد یەک ماڵی‌و یەکگرتن‌و یـەک هەڵوێستی دەویست، ئەوان سەرقاڵی دابەشکردنی هەرێمو قەتڵوعامکردنی یەکتر بوون، ئەوکاتە زۆرێک لە ئێمەمانان هاواری دەکردو ڕەخنەی دەگرت، بۆ ئەوان قەت گوێیان لە ڕۆشنبیران‌و دڵسۆزانی کورد گرتووە! داوامانەکرد یەکبگرن، کورد لە هەلێکی مێژووییدایە، ئەم هەلە لەکیس بچێت ئەمجارە ناومان دەچێتە ئەرشیفی مێژووەوە، ئەوکاتیش تاوانبارکردنی ئـەم‌و ئەو تیماری دەردمـــان ناکات. مێژوو گەواهیدەرە ساڵی ٢٠٠٠ ئێمە وەک کۆمەڵێک ڕۆشنبیر لە هەندەرانەوە لەژێر ناوی کاروانی ئاشتیدا گەڕاینەوە کوردستان بۆ ئاشتکردنەوەی ئەم دوو حیزبە، ئەوەی قەت ناتوانم بیرم بچێتەوە ئەوەیە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٠دا لە هەولێر ڕۆژنامەکانی بەعس ئەوکاتە لەسەر شەقامەکان دەفرۆشران، بەڵام کوردستانی نوێ قەدەغەبوو، لە سلێمانی ناتوانم بڵێم وەک هەولێر بوو، بەڵام بە ڕەسمیی برایەتی کە ئەمڕۆ خەباتە، قەدەغەبوو، هەموو ئەو دۆستانەی لەگەڵمان بوون ئێستا بیریان دێتەوە، لە یەکەم سەردانماندا لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر، بە دیاریی چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بوو، ڕێکو ڕاست لەو ڕۆژەدا ژمارە سفری هاوڵاتی لەدایک بووا پاشانیش لە هەولێرەوە بۆ سلێمانی ڕۆژنامەی برایەتیمان بردو بەسەر خەڵکدا دابەشمانکرد، ئای چ تراژیدیایەکە ئەو ڕۆژەم بەوشێوەیە بیردەکەوێتەوە، چۆن لە بازگەکانیان خێزانی داماوی کوردیان دەهێنایە بگرەو بـەردە، کە بۆچی سەردانی سلێمانی یان هەولێر دەکـەن، بە کورتییەکەی سوکایەتیان زۆر بە دانیشتووانی ژێر دەسەڵاتەکانی ئەوبەرو ئەمبەر دەکرد، تەنیا بۆئەوەی ژیانیان لەژێر سایەی حیزبی نەیاردا قبوڵ دەکرد، ئەوانەش لەژێر هەڕەشەو گوڕەشەی ئەم حیزبانەدا ئاوارەبوون، ئێستا بە ئاوارەکانی شەڕی ناوخۆ ناسراون، دەبینین چۆن پاداشتیان دراوەتەوە!

بـــەهـــەرحـــاڵ مـــەبـــەســـتـــم لە وەبیرهێنانەوەی ئەم یادەوەرییە تاڵانە ئەوەیە ئەوکاتەی کورد پیویستی بە یەکخستن‌و یەکڕیزیی ئەم دوو حیزبە بوو، نەیانکرد، تەنانەت دوژمنەکانمان بوون بە دۆستمان‌و کەوتنە نێوان ئەم دوو حیزبەوە، ئـەوان وەک نە بایان دیبێت نە بـاران، بـەردەوامـبـوون لە دوژمنایەتیکردنی یەکتر، بەڵام ئەمڕۆ بارەکە گۆڕاوە بەوەی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس فشارێکی دەرەکی، کە بە کوردی دەڵێن شەقی زەمانە تارادەیەک ئـەم دوو حیزبەی لە پەرلەمانێکدا کـۆکـردەوە، کە ئەمە هـەم بۆ کورد هەم بۆ دوو حیزبەکەش باش بوو، باشترە بڵێین ڕووخانی ڕژێمی بەعس‌و داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، ترسێکی گەورەی لای ئەم دوو زلحیزبە دروستکرد، کە دەشێت چارەنوسی ئەمانیش هەمان چارەنووسی ئەو ڕژێمە بێت، لە ڕوویەکی دیکەوە ئەمریکا پێویستی بەم یەک هەڵوێستییەی ئەم دوو حیزبە هەبوو بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێزەکەی لە عێراقداو کەمکردنەوەی دوژمنانی لە عێراقدا. وابزانم هەموومان ئەو ڕاستییە دەزانین، کە کورد چ ڕۆڵێکی گەورەی لە بەرژەوەندیی ئەمریکادا گێڕا، بۆ کەمکردنەوەی دوژمنایەتیکردنی سیاسەت‌و بـەرژەوەنـدیـی ئەمریکا، کـــورد قـوربـانـیـی زۆری لەپێناو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا دا بۆ ئاساییکردنەوەی باری ئاسایشی عێراق، بەڵام لەبەرئەوەی کورد یان باشترە بڵێم ئەم دوو زلحیزبە ئەمەیان لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا کرد، بۆیە وا خەریکە باجەکەی خەڵکی کوردستان بیدات، مەبەستم ململانێی حیزبیی‌و سەرلێشێواندنی خەڵکی ئەو ناوچانەیە کە بەشێکن لە کوردستان‌و هێشتا نەخراونەتەوە سەر هەرێمەکەی پارتی‌و یەکێتی، بەتایبەتیش کەرکوک. ئەو هەڵە گەورانەی یەکێتی‌و پارتی لە کەرکوک کردیان، ئەمڕۆ گەلی کورد لە پارێزگای موسڵ باجەکەی دەدات، یەکێتی‌و پارتی ویستیان بە هەر نرخێک بێت کەرکوک بکەنە موڵکی حیزبەکەیان، ململانێی ئەم دوو حیزبە لە کەرکوکدا، چارەنووسی کەرکوکی بەم ڕۆژە گەیاندووە، کە دەشێت لە داهاتوودا ئاکامە ترسناکەکەی ببینین. ئەم سیناریۆ ترسناکەی یەکێتی‌و پارتی لە خانەقین‌و دەوروبەری، هەمان سیناریۆی کەرکوک بوو، کە جگە لە شاری خانەقین دەتوانم بڵێم تارادەیەکی زۆر هەمووی نەک هەر لەژێر دەستی ئەم دوو حیزبە دەرهێنراوە، بەڵکو باجی هەڵەی ململانێی سیاسیی ئەم دوو حیزبە دەبینین خەڵکانی سقیلی جەلەولا، سەعدیەو مەندەلی دەیدەن، بۆیە لێرەدا دەپرسم ئەوکاتانە چەند پێویست بـوو ئـەم دوو حیزبە یەک هەڵوێست‌و یەک سیاسەت بوونایە لەم جێگایانە، بۆ لەپێناو بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتیدا ئەم ناوچە گرنگ‌و مێژووییانەیان کـردە قوربانیی؟ بە کورتییەکەی ئەوکاتانەی کورد پێویستی بە یەکگرتن‌و یەک هەڵوێستیی ئەم دوو حیزبە بوو، بۆ ئەم دوو حیزبە تەنانەت وەک نەوشیروان مستەفا لە بەشی دووەمی کتێبی خەون یا مۆتەکەدا، کە لە سایتی سبەیدا بڵاوکراوەتەوە دەڵێت: (پارتی ئامادەنییە لەگەڵ ئێمە ڕووبەڕوو دابنیشێ، لایەنی سێیەم قسەکانی ئێمەو ئەوان ئاڵوگۆڕ دەکەن)، باشە ئەم عەشقە گەورەیەی ئەم دوو حیزبە ئەمڕۆ نابێت بۆمان پرسیاربێت؟ نابێت هەر تاکێکی کورد لەم یەکبوون‌و یەک هەڵوێستییەی ئەم دوو زلحیزبە گومان بکات؟

نەوشیروان مستەفا بـەردەوام لە قسەکانیدا دەڵێت: (تەجروبەی ڕابردوو سەلماندوویەتی کە ڕێککەوتنی کوردی-کوردی ئەگەر هێزێکی دەرەکی لەپشت

> **کورد قوربانیی زۆری لەپێناو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا دا بۆ ئاساییکردنەوەی باری ئاسایشی عێراق، بەڵام لەبەرئەوەی کورد یان باشترە بڵێم ئەم دوو زلحیزبە ئەمەیان لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا کرد، بۆیە وا خەریکە باجەکەی خەڵکی کوردستان بیدات**

# هەربژی مەرگ

## خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ماناکانی فاشیزم

**بەشی پێنجەم**

کتێبی (دیالکتیکی رۆشەنگەری) سیمبولی بێتوانایی قوتابخانەی فرانکفۆرتە لەسەر پێشکەشکردنی تیۆرێک دەربارەی کۆمەڵگای مودێرن، یا بە وتەی مارکسیستەکان، کۆمەڵگای سەرمایەداریی‌و نموونەیەکی روونە لە لاوازیی تیۆریک سەبارەت بە دەوڵەت‌و بەتایبەت فاشیزم‌و نازیزم لەناو مارکسیستەکان، لەوانە ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، لەناو هەندێک لە فەیلەسوفانی هاوچەرخی ئێرانیشدا وەک شاکارێکی فەلسەفی! ناسراوە. هۆرکهایمەرو ئادێرنۆ بە دروستکردنی پەیوەندییەکی لەسەر بنەمای هۆو هۆکار لەنێوان رۆشەنگەری‌و فاشیزم، لەنێوان خورافەپەرستی‌و سەرهەڵدانی فاشیزم بەم مانایە کە فاشیزم سەرکەوتنی گشتی شەڕ دژی خورافەپەرستی رۆشەنگەرانەیە، لەنێوان فۆرمی کلاسیکی زانست‌و توندوتیژیی بەکارهاتوو لە رژێمی نازی، لەنێوان رۆشەنگەریی‌و توتالیتاریزم‌و بەرپاکردنی ئۆردوگاکانی کاری ئیجباری، وا نیشاندەدات کە نە ئەوەیە کە درکێکی راستەقینەیان نە لە هۆکاری زانستیانەو نە لە رۆشەنگەریی‌و فاشیزم هەیە. شکستهێنانی مارکسیزم لە فامکردن بە جیهانی مۆدێرن‌و شیکردنەوەی بزووتنەوە پۆپۆلیستیەکانی سەدەی بیستەم، دەتوانرێت لە کتێبی دیالکتیکی رۆشەنگەریدا پێناسە بکرێت. هیچ کات ئیتاڵیا نەبوو بە نموونەیەکی ئایدیالیستی خوازراو لە رۆشەنگەریدا. (ئیتاڵیا شوێنی لەدایکبوونی رێنیسانس بووە نەک لانکەی رۆشەنگەریی)، ئەڵمانیش ئاڵا هەڵگری شەڕ بەدژی رۆشەنگەریی بوو، بەمانایەکی دیکە ئەڵمان وڵاتی رۆمانتیکەکان بوو، رۆمانتیکەکان (کە شلینک، هێگل، مارکس، هایدگەر، هۆرکهایمەر، ئادێرنۆ، مارکۆزەو ئەندامانی دیکەی ئەم قوتابخانەیە کە لەنێوانیاندا هەن)، تا سەر ئێسقان دوژمنی ئایدیالەکانی رۆشەنگەریی بوون‌و هەن. لەڕاستیدا هۆرکهایمەرو ئادێرنۆ نەک تەنیا نایانەوێت لەدژی فاشیزم بووەستن، بەڵکو هەروەک مارکسیستەکانی دیکە لە شەڕی دژ بە رۆشەنگەریی چوونە بەرەی نازی‌و فاشیەکانەوە، کۆنەپەرستی چەپ (مارکسیستەکان) یا بە واتایەکی دیکە چەپی رۆمانتیزم، یارمەتی راستی کۆنەپەرست (فاشیزم‌و نازییەکان)یان داوە. کەسانێک هەن بەپێچەوانەی ئێمەوە بیردەکەنەوە لەسەر رەخنەکانمان کە ئاراستەی قوتابخانەی فرانکفۆرت کراوە لەسەر تێڕوانینیان لە فاشیزم.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە کایەوە: ئایا هیتلەرو رێبەرانی دیکەی نازی، بە چاولێکەریی لە رۆمانتیکەکان، لیبرالیزم‌و دیموکراسیان، فەلسەفەی میکانیکی بەریتانی‌و فەرەنسییەکان پێناسە نەدەکرد؟ ئایا نازییەکان لەدژی لیبرالیزم‌و دیموکراسی وەک هێماکانی (بە خۆرئاواییبوون) نەدەجەنگان؟ ئایا کاتی داگیرکردنی پاریس، نازییەکانی پەیکەری وڵتەریان نەخستە خوارەوە؟ ئایا ئیدەیالی رۆشەنگەریی، گەڕانەوە بۆ هەلومەرجی ژیانی سەرەتایی عەشیرەیی‌و توانەوەی تاک نەبوو لەناو کۆمەڵدا؟ ئایا بنەمای جوڵەی بزووتنەوەی رۆشەنگەریی، چاوپۆشی ئایینی‌و رێزگرتن لە بیروڕای دژبەر نەبوو؟ باشە مەگەر فەلسەفەی رۆشەنگەریی پشت بە سوژەی زەین‌و عەقڵ نابەستێت؟ مەگەر جیهان‌و کۆمەڵگا لە روانگەو بە پشتبەستن بە ئەم سوژەیە، واتا هەر ئەم کەسەی کە خاوەنداریەتی عەقڵ دەکات لە سەر یەک دانانرێت؟ ئایا فەلسەفەی رۆشەنگەریی بەم سوژەیە واتا ئەم مرۆڤە بیرمەندە ناڵێت کە تۆ ئازادی تاکو هەم شتێک پەرستیش بکەیت‌و هیچ بیرۆکەیەکی کۆیلانە بەهەند وەرنەگریت‌و گشت سەرچاوە زۆردارییەکان بە ناڕاست بزانیت؟ ئایا لە فەلسەفەی رۆشەنگەریدا بۆ یەکەمجار عەقڵی تاکەکەسی لەسەر پێی خۆی ناوەستێت؟ فەلسەفەی رۆشەنگەریی، عەقڵی تاک لە شوێن عەقڵی کۆمەڵ دادەنێت. بۆ هەستپێکردن‌و دەرکی ئەو ئاماژانەی کە هۆرکهایمەرو ئادیرنۆ لەدژی زانست‌و عەقڵ‌و رۆشەنگەریی دەیڵێن، دەبێت بەرهەمی ئەو رۆمانتیکە دژ بە عیلم‌و زانست‌و عەقڵ‌و لەوانە بەرهەمەکانی هیگل بخوێنینەوە. هۆرکهایمەرو ئادیرنۆ پێیانوایە کە عەقڵ جۆری بۆرژوایی‌و جۆری پرۆلێتاریای هەیە، زانست هەر لە بنەمادا دروستکراوی زەینی لاوازی بۆرژوایە کە دەبێت تێک بڕووخێت. خەتای راستەقینە گالیلەیە، لەڕاستیدا هۆرکهایمەرو ئادیرنۆ دەیانەوێت کارێک بە ئەنجام بگەیەنن کە کڵێسا بۆ دەیان ساڵ نەیتوانی ئەنجامی بدات، واتا مەحکومکردنی گالیلەو زانست‌و پێناسەکردنی زانست وەک دیاردەیەکی ئەهریمەنی کە ئیدۆلۆگەکانی بۆرژوا واتا کەسانێک لە وێنەی گالیلە دروستیانکردووە.

هەربۆیە من پرسیارێک ئاراستە دەکەم ئەویش ئەمەیە، کە ئایا باشتر وانییە کە لە شوێن دیالکتیکی رۆشەنگەریی، باس لە دیالکتیکی مارکس‌و هەروەها بە گرنگیدان بەو جینایەتانەی کە فاشیزم ئەنجامیداوە، بەشێوەیەکی گشتگیر باس لە دیالکتیکی رۆمانتیزم بکەین؟

بەڵام پەیوەندی لەنێوان جمکە یەکسانەکان واتا مارکسیزم‌و فاشیزم بە چ شێوەیەک بووە؟

ئێمە ئاگادارین کە جۆرج سۆرێل هەم مارکسیست بووەو هەم فاشی. لەڕاستیدا موسولینی موریدی جۆرج سۆرێل‌و ئەمیش بە ستاشی لنینی کردووەو هەمیش موسولینی، هەروەها دەزانین کە دلاولیە فەیلەسوفی کۆمۆنیستی ئیتاڵی لەسەرەتادا لایەنگری جەنتیلیە فەیلەسوف فاشیست بووە، بۆیە وادەردەکەوێت کە هەندێک لە فەیلەسوفانی مارکسیست لە هەمانکاتدا فاشیستیش بوون. هەر بەم بۆنەیەوە ئاماژەکردن بە پەیمانی راگرتنی هێرش لەنێوان هیتلەرو ستالین، کە بە پەیمانی (ریبن تروپ مولۆتۆف-١٩٣٩) ناوی دەرکرد، پێویستییەک بۆ شایەتی هێنانەوە لەم بارەیەوە، بەپێی ئەم پەیمانە رژێمی سۆڤیەت دەبوایە کاڵا پێویستەکانی رژێمی نازی دابین بکات تا بەمشێوەیە توانای شەڕکردنی نازییەکان دانەبەزێت، تا بەمشێوەیە ئارەزووە دێرینەکانی مارکس‌و لایەنگرانی بهێنێتەدی، واتا دیموکراسی‌و لیبرالیزم لە ئەوروپا بنەبڕبکات.



**وەرگێڕانی: زاگرۆس جانداری**

# ئاستەنگەکانی بەشەرعیبوونی دەوڵەت

**رزگار سەعید**

**بەشی سێیەمو کۆتایی**

**تەوەری سێیەم: دەوڵەت لەنێوان مافو توندوتیژیدا**

کاتێک باس لە دەوڵەت دەکەین لەنێوان مافو توندوتیژیدا، پێویستە دەستنیشانی ئەو ئیشکالاتییەی نێوان دەوڵـەت وەک ئامێرێکو دەوڵـەت وەک دەزگایەکی دامەزراوەیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگا بکەین، باس لەو کەسانە بکەین ملکەچی یاساکانین، ئەگەر ئەو پەیوەندییە لەسەر بنەمای ڕێزی پرەنسیپە ئەخلاقیەکان دامەزرابێت، دەکرێت بڵێین مومارەسەکردنی دەوڵەت مومارەسەیەکی مەشروعەو دەکرێت پێی بوترێت دەوڵەتی ماف، بەڵام ئەگەر ئەو پەیوەندییە لەسەر بنەمای دوور لە پرەنسیپی ئەخلاقیو یاسایی دامەزرابێت، واتە لەسەر بنەمای هێزو توندوتیژیی پێشێلکردنی مافو سەربەستیەکانی تاکو کۆ دامەزرابێت، ناکرێت بە دەوڵەتی ماف ناوزەند بکرێت.

**مـەبـەسـت لـە چـەمـکـی مـافو توندوتیژیی چییە؟**

لە فەرهەنگی فەلسەفی ئەندری لالاندا ماف بەو واتایە لێکداوەتەوە کە (ماف هیچ ئاستو هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی یاساییە لە بەرامبەر هەموو کارێکی تەواوو واقیعیدا)، هەروەها کانتیش ماف دەگەڕێنێتەوە بۆ (کۆمەڵگەلێک مەرج ڕێگا بە سەربەستی هەموو تاکێک دەدات لەگەڵ سەربەستییەکانی کەسانی دیکەدا یەکبگرێتەوە).

بـەڵام توندوتیژیی دەتوانرێت پێی بوترێت (بەچۆکدادانی تاکی کۆمەڵگا لەڕێی هێزەوە بەبێ ئیرادەی خۆی، ئەمەش بۆ خۆی مومارەسەکردنی هێزە دژی یاساو مـاف)، بەمجۆرە دەبینین ماف ناکۆکە لەگەڵ توندوتیژیدا، وەلێ دەکرێت بگەڕێین بەدوی مەشروعیەتدا لە مومارەسەکردنی



توندوتیژیی لە دەوڵەتدا دژی تاک یان کۆ؟ ئایا توندوتیژیی پێویستە بۆ دەوڵەت تا مومارەسەی دەسەڵاتەکەی پێبکات؟ ئایا ئەو توندوتیژییە دژی مافو یاسا نابێتەوە؟

بۆ چارەسەرکردنی ئەم تێڕوانینە دوو بۆچوونی جیاوازی ماکس ڤێبەرو جاکلین روس بە نموونە دەهێنینەوە.

١- هەڵوێستی ماکس ڤێبەر: دەوڵەت بەتەنیا مافی هەیە لە مومارەسەکردنی توندوتیژیی مادیدا.

لە دیدی ماکس ڤێبەردا دەوڵەت لەسەر بنەمای توندوتیژی دادەمـەزرێـت، هەر کاتێکیش گروپ گروپ پەیدابوون، ئەوە دەوڵـەت هیچ وجودی نامێنێت، (لێرەدا مەبەست لە دەوڵـەت ئەو ئامێرە دەبێت کە نەتوانێت دەسەڵات بەسەر ئەو گروپە سیاسیانەدا بچەسپێنێت)، بۆیە ونبوونو نـەبـوونـی توندوتیژیی سەرئەنجام دروستبوونی فەوزاو تێکشکانی پێکهاتەی بونیاتی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوەو هەوڵەکانیشی شکستخواردو دەبێت لە سڕینەوەی ئەو فـەوزایـە، توندوتیژیی ڕێگاچارەیەکی باشە بۆ دەوڵەت، نەک بۆ تاکێک یان کۆمەڵێک یان گروپێک تا هەڵسن بە کاری توندوتیژیی بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان یان چەسپاندنی دەسەڵاتێکی کاتیی،



بەڵام ئایا مومارەسەکردنی ئەو توندوتیژییە دەبێت چۆن بێت کاتێک دەوڵەت بیەوێت مومارەسەی بکات لە دەوڵەتی مافدا؟.

٢- هەڵوێستی جاکلین روس: دەوڵەتی ماف کەرامەتی تاک دەپارێزێت لە دژی هەموو جۆرەکانی ترسو تۆقاندن

جاکلین روس دەوڵـەتـی مـاف بەوە دادەنـێـت کـە مـومـارەسـەی ژێـرانـەی دەسەڵاتی دەوڵـەت دەکات لە ڕێزگرتنی یاساو پاراستنی کەرامەتی مرۆڤەکان، واتـە تـاک لـە دەوڵـەتـی مـافـدا بەهای بەرزەو یاساکان لە بەرژەوەندی تاکدایە تا دووربێت لە چەوساندنەوەو هەموو جۆرەکانی توندوتیژیی.

ئەوەی لێرەدا سەرنجمان ڕادەکێشێت مەبەستەکە بۆ تاکە نەک دەوڵەت، ئەوانەی دوایش تەنیا هۆکارێکن بۆ خزمەتکردنی تاک، لە مەبەستە سەرەکییەکانی هەموو یاسادانانێکیشدا پرەنسیپەکانی زاڵبوون بۆ پەیڕەوکردنی یاساکان، کارێکی پێویستە لەسەر بنەماکانی ڕێزو جێبەجێکردنی یاسادا کە پاشان دەبێتە هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژییو جۆرێک لە کەمکردنەوەو نەمانی تیرۆر.

مافو عەدالەت:

عەدالەت بە مانا گشتییەکەی خوێندنەوەو ڕێزگرتنی مافو پارێزگاریکردنە لە تاکی کۆمەڵگا، گوزارشتێکیشە بۆ پەیڕەوکردنو ملکەچکردن لەئاست یاسادا.

عـەدالـەت لە فەرهەنگی لالانـدا بە واتای یەکسانی دێت، ئەم زاراوەیە لەکاتی گفتوگۆدا بە ئینساف (Equité) یان بە شـەرعـیـەت (légalité)یـش بەکاردەهێنرێت، لەڕووی فەلسەفیشەوە باوەڕکردنە بە خۆو ڕەتکردنەوەی هەموو ڕەزیلکردنێکە،

بەمجۆرە باس لە دوو جۆر ئاستی عەدالەت دەکەین:

*ئاستێک کە دەبەستێتەوە بە دامەزراوە یاساییو قەزاییەکان تا پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکی تێدا ڕێکبخرێت.

* ئاستێک کە دەبەسترێتەوە بە عەدالەتەوە وەک دەلالەتێکی ئەخلاقی.

سـەبـارەت بـە چـەمـکـی مافیش بەهەمانشێوە دوو دەلالەتی سەرەکی هەیە وەک:

*دەلالەتێک لە بواری پراکتیکو لۆژیک، بە واتای یەقینو ڕاستی دێت.

* دەلالەتێک لە بواری زانستیدا، بە واتای بەهایەک دێت لە دامەزراندنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

ئەوەی دیارە چەمکی مافو عەدالەت ڕەهـەنـدی زۆرتـری لـەخـۆگـرتـووە، بـە زۆرێـک لـە چەمکەکانی دیـکـەوە گرێدراوە، چونکە سروشتی ئەخلاقیو یاساییو سیاسی دەگرێتەوە، هەربۆیە کۆمەڵگەلێک بۆچوونو تەوەری جیاوازتر لەخۆدەگرێتو دەهێنێتە سەر خوانی گفتوگۆ، ئەوەش باسێکی دوورودرێژتر لەخۆدەگرێت.

تێبینی: بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سوود وەرگیراوە لە:

١- الدولة/ د محمد الشبة.
٢- الاحزاب السياسية في العالم الثالث/ د.رسامة الغزالي.
٣- ويكيبيديا الموسوعة الحرة.
٤- المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفة. د.عبد المنعم الحفني. مكتبة مدبولي. الطبعة الثالثة.٢٠٠٠.



# گــــۆڕان

**پۆلا سەعید**

ئەم هەڵبژاردنەی ئێستا بە یەکێک لە گرنگترین هەڵبژاردنە چارەنووسسازییەکانی کورد دەژمێردرێت، کە کورد لەدوای راپەڕینەوە ئەزموونی تێدا هەبێت، بابەت ئەوە نییە کە تاکی کورد لە سەدا سەد لە بردنەوەی لیستێکی نوێ، کە ئاواتی ئەوە دڵنیابێت، من هێندەی ئەتمۆسفیرەکەم لەلا گرنگە، بردنەوەی لیستەکەم لەلا گرنگ نییە، چونکە لەم ئەتمۆسفیرەیەدا هەلومەرجێک بۆ دروستبوونی رۆحێکی تەندروست بۆ ئازادیی دێتەکایەوە.

دەشێت کەسانێک هەبن کە یەکپارچە دژ بەو بیروڕایەبن کە پشتگیریی لە کەسایەتیی نەوشیروان مستەفا دەکات، دژ بەو تێڕوانینانەبن کە لە نەوشیروان مستەفادا چاوەڕوانکراوە، لێ شەقام چۆن توانای گۆڕانی هەیە ئەگەر هاتوو دەسەڵاتی سیاسی نەبێت؟ بۆچی دەبێت رۆژنامەیەک بۆ خۆی بە رەوا بزانێت نوێنەری خۆی لە پەرلەمانی ئایندەی باشووری کوردستاندا هەبێت‌و شەقام نا؟! بۆچی دەبێت پشتگیریکردنی نەوشیروان مستەفا نەنگی بێت‌و هی سەرانێکی دی شانازیی‌و شکۆ؟ هەندێک پێیانوایە کە من نەوشیروان مستەفام بە پێغەمبەر چواندووە، لێ ئەو بەڕێزانە تۆزقاڵە زەڕەیەک تێگەیشتنیان بۆ وتەکانی من نەبووە، کێشەی هەرەگەورەی ئێمەش تێنەگەیشتنە، ئەوە ئەرکی من نییە شیکردنەوە لەسەر وتاری پێسووسێکی شین بدەم، بەڵکو ئەرکی خوێنەر خۆیەتی، کێشەی منیش لە وتاری پێسووسێکی شیندا ئەوەیە کە بەشێکی گەورەی ئەوانەی لە هەستی وتارەکە نەگەیشتوون، خۆیان نووسەرن، ئەو نووسەرانە تەنانەت بێئاگان لە دەستەواژەی پێسووسە رەشەکە، ئیدی چۆن توانای تێگەیشتنی پێسووسێکی شینیان هەیە. هەندێکیان هەتا ئێستا مارتین لوتەر کینگی ئەمریکی بە مارتین لوتەری ئەڵمانیی دەزانن، بەشێکی دیکەیان تەواوی دەستەواژە فەلسەفییەکان بە موڵکی ئینگلیز دەزانن‌و دەیانەوێت هەموو شتێک ئینگلیزەیشن بکەن. لێ راستییەک هەیە کە ئینگلیز لەدوای تەنانەت ئیتاڵیاشەوەیە نەک فەرەنسا، شکۆی فەلسەفە لەدوای یۆنانی کۆنەوە بووەتە موڵکی ئەڵمانیا، لێ ئەو بەڕێزانە پێیانوایە دەبێت من دەستەواژەکانم بە ئینگلیزی بنووسم، تەنانەت خودی دەستەواژەی ئیدیۆلۆژگیی کە موڵکی ئەڵمانە، دەبێت بیکەم بە ئایدیۆلۆژیی. کورد چونکە کۆلۆنیی ئینگلیز بووە، پەیڤی ئینگلیزی پێ خودای هەموو پەیڤەکانی جیهانە، بە زۆرینە، چونکە تەنیا ئینگلیزی دەزانن، دان بە هیچ پەیڤێکی دیکەی ئەورووپیدا نانێن‌و پەیڤە ئەورووپییەکانیان پێ



غولامی پەیڤی ئینگلیزییە. هەندێکیان بە تەوسەوە کە پرسیارت لێدەکەن دەڵێن: جەنابیشت لە هەورامانیت؟ هەورامان لەلای ئەم بەڕێزانە وڵاتی سویدە، واتە پەیڤی سویدی وەک هەورامی وەهایە، کە لە سوید هاتیتە دەرەوە ئیتر بەکەڵکت نایەت. من لە ئەڵمانیادا دەژیم‌و دەستەواژە فەلسەفییەکانیش بە فۆنەتیکی ئەڵمانی دەنووسم، هەر ئینگلیزی پەیڤێکیش کێشەی لەگەڵدا هەیە، ئەوا من ناتوانم یارمەتی بدەم، چونکە بەشێکی هەرەگەورەی دەستەواژەکان موڵکی یۆنانی کۆنن، هەر وڵاتێکیش بە فۆنەتیکی وڵاتی خۆی مامەڵە لەگەڵ دەستەواژەکاندا دەکات، کەواتە ئینگلیز ناتوانێت بەسەر خەڵکیدا بسەپێنێت کە دەبێت ئەو دەستەواژانە ئینگلیزەیشن بکەن.

لەناو ئێمەی کورددا گرنگیی بە فەلسەفە نەدراوە هەتاوەکو خاوەنی فۆنەتیکێکی کوردی بین بۆ دەستەواژەکان، ئەمە وێڕای ئەوەی زۆرینەی دەستەواژە فەلسەفییەکان بە کۆمەڵی ئێمە نامۆن، تەنانەت خودی ئەو بەڕێزانەی کە خاوەنی بەڵگەنامەی ئەکادیمین، خاڵین لە پەیڤێکی ئەکادیمی، خاڵین لە لۆگیک، شێوازی قسەکردنیان وەک شێوازی ئەو دایکانە وەهایە کە نەچوونەتە قوتابخانەو توانای نووسینی یەک پیتیان نییە، لێ ئەگەر هاتوو کۆرسێک بکەن بۆ فێربوونی خوێندنەوەو نووسین، دڵنیام لەمجۆرە ئەکادیمیانە چ باشتر دەپەیڤن‌و چ باشتریش دەنووسن، ماوەتەوە بڵێم کە دەکرێت ئەمەش بکرێت بە ئەرکی گۆڕان.

خاڵێکی دیکەی سەرنجراکێش کێشەی ئیسلامییەکان‌و لیستی گۆڕانە، کارێکی سانا نییە لەناو کۆمەڵگایەکی ئیسلامیدا بەبێ ترس‌و دڵەڕاوکێ بڕوانیتە پارتە ئیسلامییەکان، بەتایبەت لەناو ئێمەی کورددا، بەوپێیەی کە ئیسلامییەکانی ئێمە کۆلۆنیی ئێران‌و سعودی عەرەبی بوون، خاوەنی بیری سیاسیی‌و ئایینیی خۆیان نەبوون، ئەو کلتوورە سیاسییەی کە ئەوان پراکتیزەیان کردووە، نەک بە کۆمەڵگای کوردی، بەڵکو بە خودی رابەرانی ئەم پارت‌و بزووتنەوانەش نامۆبووە. هەنووکە هەلومەرجێک لەئارادایە کە تەنانەت خودی پارت‌و بزووتنەوە ئیسلامییەکانیش بتوانن چ جێگای خۆیان لەناو کۆمەڵدا بکەنەوە، چ هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کوردیشی تێدا بدەن، ئەوان بەوپێیەی ئازادنەبوون، خۆیان نەبوون، هەنووکە دەتوانن گۆڕانێک بکەن‌و ببن بە خۆیان، بۆئەوەی مرۆڤ ببێت بە خۆی پێویستە ئازادبێت، مرۆڤیش کە ئازادبوو، هەوڵی پراکتیزەکردنی دیموکراسی، یەکسانی، دادپەروەریی دەدات. باشترە پارتە ئیسلامییەکان ببنە یەکێتی دیموکراتی ئیسلامیی، یەکێتی سۆسیالیستی ئیسلامیی، وەک لەوەی ناوی دیکە لە خۆیان بنێن وەک یەکگرتوو، کۆمەڵ‌و بزووتنەوە، ئەم مۆدێلی بەدیموکراتیکردن‌و سۆسیالیزەکردنی ئایینییە، لە ئەورووپادا ساڵانێکی درێژە کاری پێدەکرێت‌و هیچ تاکێکی کۆمەڵیشیان بێزارنەکردووە، باشترین نموونە ئەڵمانیایە، کە دیموکرات‌و سۆسیال کریستەکان لە زۆرینەی هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوەو لە هەندێک مەڵبەندی ئەڵمانیادا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشی شێریان بەدەستهێناوە. لە مەڵبەندی (بایەرن)دا، سۆسیال کریستەکان بە درێژایی (٤٦) دانە ساڵی رەبەق زۆرینەی دەنگیان بەدەستدەهێناو بەتەنیا فەرمانڕەوایەتیی مەڵبەندی بایەرنیان دەکرد. لە ٢٠٠٨/٩/٢٨دا سۆسیال کریستەکان ١٧,٣٪ی دەنگەکانیان لەدوای (٤٦) دانە ساڵ فەرمانڕەوایەتیی، لەکیسدا، ئەم پارتە ئایینیانە لە پارتە سۆسیال دیموکراتەکانی ئێمە زۆر دیموکراتترو پێشکەوتووترن، ئەم پارتانە بوونەتە جێگای باوەڕی دانیشتووانی ئەڵمانیا، ئەمانە هێندەی لە خەمی پێشکەوتنی وڵاتدان، هێندە لە خەمی کەنیسەدا نین، چونکە ئایین ئەرکێکی تایبەتە، ئەوەی دانیشتووانی ئەڵمانیاش دەیانەوێت کارو خۆشگوزەرانییە، زیادکردنی ژیانە لە ژیانی رۆژانەیاندا، نەک سەردانی کەنیسەکان، ئیدی هەر پارتێک توانای کردنی ئەم کارەی هەبێت، دانیشتووانی ئەڵمانیی دەنگ بەوان دەدەن، ئینجا چ سۆسیال کریستەکان بێت یان سۆسیال دیموکراتەکان.

شەڕی ئایین لەوە تێپەڕیوە بە بۆمباو تفەنگ بکرێت، ئیسلامییەکانی ئێمەش دەبێت بگەنە ئەو باوەڕەی کە ئەوان کاتێک دەتوانن لە دیموکراتیدا دەیان ساڵ فەرمانڕەوایەتیی بکەن، ئەگەر هاتوو ئەوان لە خزمەتی خەڵک‌و ئازادیدا بن، نەک ببنە کۆپیی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و تاڵیبانی ئەفغانستان. پێموایە ئەگەر ئیسلامییەکانی ئێمەش هەوڵبدەن وەک کریستەکانی ئەورووپای مۆدێرن سیاسەت بکەن، چ قازانج بە خۆیان‌و چ بە کۆمەڵگاکەشی دەگەیەنن. ئەگەر گۆڕان توانای گۆڕینی ئەم رەوشەی هەبێت، ئەوا جگە لە دەستخۆشیی، هیچ شتێکی دیکە بۆ تاکی کورد نامێنێتەوە کە پێشکەشی ئەوانی بکات، ئێمە هێندە رقمان لەیەکترە، بە خوێنی سەری یەکتر تینووین، زیانمان چی دەبێت ئەگەر هاتوو لە رێگای ئەم گۆڕانەوە ئیسلامییەکان لەگەڵ کۆمەڵدا ئاشتببنەوەو کۆمەڵیش چانسێکی نوێ بدات بەوان، زیانمان چی دەبێت ئەگەر هاتوو ئیسلامییەکانمان خۆیان لەگەڵ ژیانی مۆدێرن‌و دیموکراتی‌و ئازادیدا رابهێنن؟ زیانی کۆمەڵ چی دەبێت ئەگەر هاتوو پارتە ئیسلامییەکان ئازادیی‌و دیموکراتی بۆ کۆمەڵ مسۆگەربکەن‌و ببنە مۆدێلێکی نوێ بەپێچەوانەی ئێران‌و ئەفغستانەوە؟ چی باشترە بۆ ئیسلامییەکان، ببنە مۆدێلێکی نوێی تەندروست بۆ جیهان یان ببنە مەترسییەکی دیکە بۆ سەر جیهان؟ ئاخۆ دەبێت نەنگیی لە چیدابێت ئەگەر هاتوو گۆڕانێک لە فەرمانڕەوایەتیی ئیسلامیی کوردیدا بکرێت؟

